# کورتەباسێک لەسەر مێژووی ڕەگەزپەرستیی و ڕەگەزپەرستیی دژ بە خەڵکی کوردستان

**نووسینی:** ڕێبوار ڕەشید
**پێداچوونەوە و بژار:** خەلیل غەزەلی

"خەڵکی تورکیا باوەجودی ڕەگەز و ئایین سەبارەت بە هاووڵاتیبوون هەموو تورکن".
پەرەگرافی ٨٨ کۆنستیتیوتی ١/ ١٩٢٤، ٦١، ٨٢

## پێشەکی

ڕەگەزپەرستیی نێزیکەی هەمیشە کۆڵەکەیەکی گرینگی داگیرکردن و داگیرکاریی بووە و مێژووی داگیرکردن هەمیشە جۆرێک لە ڕەگەزپەرستیی تێدا بووە. لەبەرئەوە پێناسەی ڕەگەزپەرستیی ناکرێت کورت و یەکلایەنە بێت. "ئەوان" و "ئێمە" چەمکێکی دونیابینیە کە لە مێژە لە نێوان مرۆڤەکاندا پیادە دەکرێت. "ئێمە" ئەوانەین کە ڕەواین، دروستین، جوانترین، تێگەیشتوو و زاناترین، خاوێنتر، تێرتر و زرەنگترین. "ئەوان" [ئەوانی دیکە] ناڕەوا و نادروست و ناشیرین، کەم ئەقڵ و تێنەگەیشتوو، پیس و برسی و نەخوارده و هەموو شتێکی خراپن.
زۆر شت هەن وەکو بۆ نموونە ئایدیۆلۆژیی، چیرۆکە گەورەکان، ناسیونالیزم و ئایین کە چەمکی "ئێمە" و "ئەوان" دروست دەکەن و هەمیشە بە شێوەیەک، بەتایبەتی ئەگەر سنووری خۆیان ببەزێنن، کۆمەک بە ڕەگەزپەرستیی دەکەن یان دەتوانن ڕاستەوخۆ لە پشتەوەی بن.
ئایین هەر لە سەرەتاوە لایەنێکی بە هێزی دروستکردنی چەمکی "ئێمە" و "ئەوان" بووە. ئەو ئایینانەی کە بە نەریت بە ئاسمانیی دادەنرێن، واتە بەو پێیەی خودایەک لە ڕێی پەیامبەرێکەوە پەیامی خۆی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤەکان گەیاندووە، بە توندیی ئەو چەمکەیان پیادە کردووە. "ئەوان" [خۆیان] خاوەنباوەڕ و خاوەنڕەوایەتی و خاوەن هاوپشتیی خودا و نوێنەری خودا بوون و هەموو ئەوانی دیکە, "ئەوان", کە بڕوایان بە پەیامی ئەمان نییە حەتمەن تێنەگەیشتوو، گومڕا، ناخاوێن و بێخودا و بێباوەڕن. ئەمە لەسەر زەوی. پاش مردنیش هێشتا خوداکەیان هەر وازیان لێناهێنێت. بە ئاگری هەتاهەتایی دەیانووستێنێت و نەفرەتیان دەکات و بەو شێوەیە سزاکەیان هەر بەردەوام دەبێت.

## ڕۆڵی چیرۆکە مەزنەکان لە سەرەەڵدانی ڕەگەزپەرستییدا

بە پێی تەورات و ئینجیل، نوح لە تەمەنی ٥٠٠ ساڵییدا دەبێت بە خاوەنی سێ کوڕ. هەم، سەم و چافەت (ئەڵبەت ئەو سێ ناوە بە پێی زمان دەگۆڕێن). پاش نەفرەتی خودا لە نەتەوەی نوح و سێلاوهەستان و دابەشبوونی جیهان، ئەوانەی بە هۆی نوحەوە ڕزگاریان بوو، دووبارە دەستیان کردەوە بە کار و بە دووبارە بووژاندنەوەی جیهان. نوح خۆی زەوی دەکێڵێت و ڕەزێکی مێو پێ دەگەیەنێت و لە بەرەکەی شەراب دروست دەکات و لێی دەخواتەوە. نوحی ماندوو مەست دەبێت و ڕادەکشێت. کاتێک بە ڕووتیی و مەستیی خەوی لێ دەکەوێت، هەمی کوڕی دێتە سەری و گەلۆگونی بابی خۆی دەبینێت. لە بریتی ئەوەی پارچەیەک بدات بە سەر باوکیدا و دایبۆشێت، دەڕووات بۆ لای براکانی، واتە بۆ لای سەم و چافەت، و بۆیان دەگێڕێتەوە. کاتێک ئەوان دێن و باوکیان بەو شێوەیە بە ڕووت و قووتیی دەبینن. چاوی خۆیان دەگرن بۆ ئەوەی لەشی بابی خۆیان نەبینن و ئەوجا بە پارچەیەک دایدەپۆشن (تابلۆی ئەم بە سەرهاتە لە سەدەی

1 **تێبینی:** بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەڕا نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

پازدەهەم و دواتردا زۆرە، بۆ نموونە تابلۆ بە ناوبانگەکەی گیوڤانی بێلینی بە ناوی "نوحی مەست" ١٥٠٠ – ١٥١٤ و جەیمس تیسۆت "سەم و هەم و جافەت" ١٩٠٤).
نوح کە بە هۆش ئاگای لە کارەکەیە ئافەرین و ستایشی سام و چافەت دەکات و هاوکاتیش لە هەم تووڕە دەبێت. ئەوجا وەکوو سزایەک نەفرەت لە "کەنعان/ کەنان" ـ ی کوڕی هەم دەکات، کە کوڕەزای خۆیەتی، نوح دوعا لە کەنعانی/ کەنانی کوڕەزای خۆی دەکات کە تا بمێنێت کۆیلەی سام و چافەت و بنەماڵەکانیان بێت.
خوێنەر تێبینی بکات کە نوح ڕاستەوخۆ نەفرەت لە هەم کە کوڕی خۆیەتی ناکات، بەڵکو لە کەنعان دەکات کە کوڕی هەم و کوڕەزای خۆیەتی، واتە نەفرەت لە منداڵی هەم کە نەوەی خۆیەتی، دەکات. پاشان تێدەگەین کە ئەم نەفرەتە سەرتاپای نەوەکانی ئاییندەش دەگرێتەوە، چونکە نەفرەتەکە خوداییە و لە نەوەکانی هەم ـە.
ئەڵبەت گێڕانەوەی دیکەش هەیە کە "هەم" بێ لەوەی بەرانبەر بە بابی خۆی وا جوڵاوەتەوە، هەروەها کەسێکی تەمەڵ و هیچ نەکردەشە و لەبەرئەوە نوح خۆشی لێ نەهاتووە. بە پێچەوانەی جەفاتەوە بۆ نموونە کە کەسێکی شیرین و ژیرە و کاری لە دەست دێت، و کە نوح خۆشی لێهاتووە.
بە پێی ئەو گێڕاندنەوانە ئەو دەم کە مرۆڤ لە جوگرافیای جیهان شارەزا نەبوو زەوی تەنها سێ بەش بوو، واتە ئاسیا و ئەفریقا و ئورووپا. ئەو کات ناوی هەڵکەوتنی جوگرافی بۆ زەوی نەبوو، زەوی سەر و ناوەڕاست و خوارووی هەبوو. بە شێوەی دابەشکردنی خواروو (ئەفویقا)، ناوەڕاست (ئاسیا) و سەروو (ئورووپا) بوو. بە پێی ئەو بیرە ئایینیە کیشوەری ئەفریقا نەوە و بنەچەی هەم Ham، ئاسیا هی سام Sam و ئورووپاش هی جەفات Japheth ـ ن. (دیارە باسی نوح لە قورئاندا بێ لە مەسەلەی سێلاوەکە ئەوا باسەکانی دیکەی لەگەڵ تەورات و ئینجیلدا بە تەواوی جیاوازە، بۆ نموونە نوح یەک کوڕی هەیە نەک سیان و ئەویش گوێ لە بابی خۆی ناگرێت و دەخنکێ، هتاد، کە باسی ئێرە نین).
لە یەکەم و سێهەم سەدەی دوای زاییندا دوو کەس بە قووڵی ئەو بیرەیان داکوتا. یەکێکیان یوسف بن مەتیاهو (٣٧ پ.ز. ) بوو کە ڕۆمەکان بە لاتینیی ناویان نا فلاڤیوس جۆزەفیوسFlavius Josephus..
(بەسەرهاتی ئەم پیاوە لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەییی جوولەکە دژ بە دەستەڵاتی داگیرکاری ڕۆم سەرنج ڕاکێشە).
یوسف بن مەتیاهو لە تێگەیشتنی خۆی لە جیهان پێی وابوو تەنها سێ کیشوەر هەن. ئەفریقا، ئاسیا و ئورووپا. وەک جوولەکەیەک باوەڕی بە چیرۆکەکانی تەورات بوو کە لە ئادەمەوە ڕووەو خوار دەست پێ دەکەن. بە پێی ئەم ئەفریقا سامیی، نەوەی سام، و ئورووپا ئورووپیی، نەوەی جافەت، سێیەمیان ئاسیایی، نەوەی هەم بوو. دووهەم کەس کە بە "بابی کڵێسا" یان بابی کریستانیان ناودارە، سەینت ئۆگۆستینۆس (٣٥٤ د.ز)، بوو، واتە پیر ئۆگۆستینۆس کە پێی وابوو ئورووپا عیساییە، ئەفریقا سامیە و ئاسیاش هەمییە، واتە قارەی خودانەناس.
دیارە ئەو دەم، نە یوسف بن مەتیاهو و نە سەینت ئوگۆستینۆس و نە کەسی دیکە نەیاندەزانی کە محمەد و کۆلۆمبس، یەکەمیان لەدایکبووی ٥٧٠ د..ز، و کە پاشان لە ساڵی ٦١٠ د.ز سرووشی پەیامبەریی بۆ هات، و دووهەمیان لە ١٥٥٠ کاندا کیشوەری ئەمەریکای دیتەوە، دێن و لە دوو کاری مێژووییدا هەم نەخشەی ئایینی دەگۆڕن و هەم جوگرافیاش.
لەوبەری خۆرهەڵاتی ناوەندەوە یۆنان و ئیمپراتۆری ڕۆما هەبوون. خۆرهەڵاتی ناوەند کانگای پەیدابوونی پەیامبەران و خودا ئاسمانیەکان بوو. لە ناو ئیمپراتۆری ڕۆمادا باسی خودا جیاواز بوو. لە ڕۆما خودا لە ئاسمان نەبوو، بەڵکو لە ناو کۆشکەکاندا بوو. سەزارەکانی ڕۆم هەروەکوو فیرعەونەکان خۆیان بە خودا دادەنا. بەڵام ڕۆمەکان لە ماڵی خۆیاندا خودایەتیان نەدەکرد. سوپای بە دیسپلین و مەشقپێکراویان بە هەر شوێنێکدا بڵاو دەکردەوە و بەو شێوەیە تاڵانییان لە هەموو شوێنێکی داگیرکراوەوە دەبردەوە بۆ ڕۆم. هەموو

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

شوێنێکی دونیا کەنار بوو، ڕۆم ناوەند بوو. "هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ڕۆم" قسەیەکە ئەو پێوەندیی دەستەڵاتە دروستی کرد کە ئەو دەم برەودار بوو.

ڕۆمیەکان خۆیان بە شارستانیی و خاوەن زانست و توانا و بەڕێوەبردن دەناساند. هەموو ئەو خەڵکانەی کە ئەمدیو و ئەودیویان کەوتبوون بە کەمتر لە خۆیان دەبینی. ئەڵبەت بە شێک لەمە میراتی بزووتنەوەی فەلسەفەی یۆنانی سەردەمی ئەنتیک بوو بۆیان بە جێمابوو. لە یۆنانی کۆندا شار دەوڵەتدار بوو. لە شاردا پیاوماقوولان و نەجیبزادان و بازرگانان و کاسبکاران هاوشاریی بوون [شارۆمەندبوون]. ژنان و منداڵان و بێکاران و بێگانان ناشارۆمەند بوون، مافی دەنگدان و گفتوگۆکردنیان لە سەر پرسی سیاسیی و بەڕێوەبردن و هەڵبژاردن نەبوو.

نێزیکەی زۆرینەی فەیلەسوفانی نێوان ٤٠٠ ساڵ پێش مێژووی زایین و سەرەتای زایینی بە شێوەی جیاواز ئەم بیرە بەرفراوان دەکەن. ئەفلاتوون (٤٢٧ پ.ز) بە تایبەتی لە سەر "جووتبوونی خاوێن" دەدوێت بەو مەبەستەی کە توخمی مرۆڤ لە نێوان ئەوانەدا کە نەجیبزادە و ژیرن و ئەوانەدا کە کەسنەناس و بێپلەوپایەن تێکەڵ نەبن. بەو شێوەیە بە ڕای ئەو، ڕادەی ژیریی و نەجیبزادەیی لە ئاستی خۆیدا دەهێڵرێتەوە. ئەرستۆ (٣٨٤ پ.ز ) مرۆڤ بە بوونەوەری "ئەقڵانیی/ هزریی" دادەنێت. بەڵام مرۆڤ بۆ ئەو هەرەمێکی سیاسیی و ڕەووشتیی هەیە کە ناکرێت دەستی تێوەربدرێت. لەو هەرەمەدا پیاوان [پیاوانی یۆنانی] لە هەرە سەرەوەدان، و بێگومان هەموو پیاوێکیش نا، بەڵکو تەنها پیاوانی دەستەڵاتدار و ژیر و کاسبکاران. بە ڕای ئەو ئافرەتان لە خوار پیاوانەوەن و ڕۆڵی سەرەکیان ئەوەیە کە کاری پیاوان تەواو بکەن، نەک شارۆمەند بن. ئەوجا منداڵان لە خوار ئافرەتان دەکەون و ئاژەڵیش، بۆ نموونە، سەگ، دەکەوێتە خوار منداڵ. ئەوە تێگەیشتنێک بوو لە سەر دابەشکردن/ دەستەڵاتی هیرارشی کە هەم لە ئاینە ئاسمانیەکاندا دەبینرێتەوە و هەم بەگشتیی لە ئایدیۆلۆژیی ڕاستڕەویشدا.

سۆقرات (٤٧٠ پ.ز) پێی وایە ٣ جۆر خەڵک هەن کە مانای مرۆڤ و شارۆمەندیی بیانگرێتەوە ئەویش "پیاوانی" بازرگان، پاسەوان و فەیلەسوفەکانن. هەموو ئەوانی دیکە دەکەونە ئەودیوی ئەو بازنەیەوە. لەو سەردەمەدا وشەی "دیاسپۆرا"، (کە بە ڕای من ئێستا هەندێک کەسی کورد بە هەڵە سەبارەت بە کوردانی ئاوارە بەکاری دەبەن)، بە بەردەوامیی بەکار دەبردرا. لەو سەردمەدا یۆنانیەکان هەموو دانیشتووانی دەرەوەی خۆیانیان بە "دیاسپۆرا" دادەنا، واتە خەڵکانی دیکە، ئەوانەی لە دیدیی یۆنانیەکانەوە بڵاوەبووی بێسەروبەر بوون، نەک شارۆمەند و خاوەن شارستانیی (وەک ئەمان خۆیان). بڵاوەبوو نیشانەیەک بوو بۆ جیاکردنەوەی "ئەوان" و "ئێمە". دیاسپۆرا بە مانای سیاسیی "ئەوان/ ئەوانی دیکە" دەهات.

ڕۆمییەکان کەرەستەیەکی زۆریان لە بێنەوبەرەی فەلسەفیی لە بەردەستدا بوو کە سەری خۆیانی پێوە مەشغوڵ بکەن. یۆنانیەکان و ڕۆمییەکان تەنها دوو لایەن بوون کە توانیبوویان هەستی نەتەوەیی لە مانای پێکەوەبوونی خەڵکی خۆیاندا دروست بکەن. ڕۆماییەکان مرۆڤیان وەک یەک دادەنا، بەڵام پێیان وابوو ئەقڵیان جیاوازە و لەبەرئەوە هیرارشیەکە یان ڕاستر بەرابەرییەکە دەبێت بە پێی ڕادەی تێگەیشتنی ئەقڵ بێت. ئەمان خۆیان بە ژیر و بەدیسپلین دادەنا و مەستی پێشکەوتوویی و سیفەتی دیکەی باشی خۆیان بوون، کە دیارە هەر خۆیان بە خۆیان دەبەخشی، ئەوانی دیکە، خەڵکانی تر، ئەگەرچی مرۆڤیش بوون، ناتەواو بوون.

لە سەرەتای هەموو ئەو داگیرکردنانەدا چەمکی بەسووکدانانی هەموو ئەوانەی بە ئەقڵ کەمتر و کەمتر ئاقڵ و کەمتر شارستانیی دادەنرێن، خاڵی ناوەندە. ئەو دەم هەروەک ئێستا هەموو کەس دەیزانی کە چی هی کێیە، بەڵام ئەوانەی دەستەڵاتیان کەم یان کەمتر بوو، وا دادەنران کە کەمتر ژیر بن، کەمتر بە توانا بن و کەمتر جوان بن و هتاد.، بە پێی ئەو نیشانەکردنە، مافیان کەمتر هەبوو.

ئەو هەڵاواردنە یان جوداتێڕووانینە ڕەوایەتیی بە لایەنی بەهێز دەدا کە لایەنی بێهێز زەوت بکات و ماڵ و سامانی بە تاڵان ببات. هەموو خۆبزووانندنێکی لایەنی کەمترهێز بە شەڕانیی و ئاژاوەگێڕ و کێویی و

3 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

ناشارستانیی لە قەڵەم دەدرا. مێژوو بوو بە مێژووی دەستەڵاتداران و لە ناو کۆشک و قەڵاکان و بە سەر ئەسپ و لە ناو کەژاوەی سەزاری و پاشایەتیدا نووسرایەوە.

## سەردەمی ڕۆشنگەریی

ساڵەهایەک لە دەستەڵاتی کڵێسایی خوێناوی و پاشایەتی گەندەڵ سەرانسەری گەلانی ئورووپایان گەیاندبووە شەرای مەرگ. بە ناوی خودا و لە ژێر سێبەری دەستەڵاتی پاشایەتییدا ئافرەتان سووکایەتیان پێ دەکرا، دەستدرێژییان دەکرایە سەر و پاشان بە ناوی حەیانەماو و بێشەرمەوە دەسووتێنران. خەڵک لە برسێتیی و بێکاریی و ناوەخت مەرگییدا دەژیان. هەمووان لە چارەنووسیان نووسرابوو کە دەبێت سەربازی شەووڕۆژ و وەخت و ناوەختی پاشاکان بن. دەستەڵاتداریتیی بۆ پاشایان و دەرەبەگ و ئاغاوات و دەستودایەرەیان بە مانای بێبەرپرسیاریی یان حوکمی ڕەها دەهات. دەستەڵات مانای ئازادیی و توانای ڕەهای بۆ دەستەڵاتداران هەبوو. لە بەرانبەر ئەوە بێدەستەڵاتیی بەو مانایە دەهات کە ئەوی خراپ و نەهامەتی بێت بۆ هەژاران و نەداران چارەنووس و بەشی خودا بوو. کەس نەیدەتوانی پێی ناشکور بێت. لە دامێنی هەموو ئەو ئازارەوە سەردەمی ڕۆشنگەریی لە دایک بوو. خەڵکان لە هەلێک دەگەڕان نەفرەت لە خودا و ئەو هەموو دەستەڵاتەی بکەن کە وەک ئەژدیها لوولی دابوون. خەڵکان بە دوای پاڵپشتیەکدا دەگەڕان تا بتوانن نەفرەت لە دەستەڵاتی کڵێسا بکەن، شان بۆ دەستەڵاتی پاشایەتی هەڵبتەکێنن و ڕقی خۆیان بەرانبەر بە شورای قەڵاکان دەربڕن. خەڵک خودایان لێببوو بە بەڵا و دەیانویست پەلکێشی بکەن بۆ ئاستی خۆیان و تەنانەت خوار خۆیشیان و بەو شێوەیە لە ئاسمان وەدەری نێن.

خەڵکان دەیانزانی کە هەتا خودا شوێنی لە ئاسمان بێت ئەوا بە بان ئەمانەوەیە و لەمان باڵاترە. وەڵامێکی "چی بکرێت" ـ ی ئەو دەم هێنانەخوارەوەی خودا بوو بۆ سەر زەمین.

ڕۆشنبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەریی چەمکی "کولتور" یان گۆڕی بۆ "شارستانیی" و لەوێدا هەموو ژێرخانی بیری ڕۆشنگەریی "هۆ/دەلیل" ـ ە لە بریتی دەستەڵاتی ئاسمانیی کە نەیدەتوانی هۆ/دەلیلی کۆنکرێت بخاتە ناو گفتوگۆکانەوە. هەر لەبەرئەوەبوو سەردەمی ڕۆشنگەریی نازناوی خۆی نابوو بە "سەردەمی هۆ/ دەلیل".

هێگل یەکێک بوو لەوانەی کۆمەکێکی زیاتر کۆنکرێتی بەو خەباتە کرد.

هێگل لە باسی "ئەلیناسیۆن Alination خۆنامۆختن خۆ/نامۆ/خستن" دا باس لە چۆنیەتی دروستکردنی خودا و ئەوجا گەورەکردنی دەکات. بەو شێوەیە بێدەستەڵاتی مرۆڤ بەرانبەر بەوەی خۆی دروستی کردووە (نەک بە پێچەوانەوە) ڕوون دەکاتەوە. (کارل مارکس بێ ئەوەی ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەم بیرە بکات وەک تیئۆرییەک لەسەر پێوەندی نێوان کرێکار و سەرمایەداردا تاقیکردەوە و لە باسەکانی دیکەیدا بەکاری هێنان).

لەبەرئەوە هەموو کەسایەتیەکی سەردەمی ڕۆشنگەریی بای زیاتری لە بن باڵدا بوو ڕووەو سەر بفڕێ.

سەردەمی ڕۆشنگەریی بوو بە ڕەخنە لە خودا و لە دەستەڵاتی خودا و لە نوێنەرایەتی خودا و لە سنووری ڕەوای نوێنەرانی ئەو کە لە سەر ئەرد ئەوی پێیان خۆش بووایە دەیانکرد و دەیانگوت.

لەمبەر ئورووپاوە، ١٥٠٠ ساڵێک پێش سەردەمی ڕۆشنگەریی، یەکێک لەو نەتەوانەی کە ئامادە نەبوو بە مەرجگەلی ڕۆمەکان قایل بێت و لەگەڵیان لەسەر ژێردەستەیی خۆی ڕێک بکەوێت یان خۆی بە دەست سوپای ڕۆمەوە بدات، ئیسرائیلیەکان بوون. نێرۆ، ئەو کەسەی لە سەردەمی مۆدێرندا بوو بە ئایکۆنی سووتاندن، لە وەڵامی جوولەکەکان زۆر تووڕە بوو، و سەرسوپا و کوڕەکەی خۆی بۆ داگیرکردنی ئیسرائیل ٦٩ – ٧٣ پ.ز. نارد. داگیرکردنی ئیسرائیل لە لایەن سوپای ڕۆمەوە باسی خودا و باسی داگیرکردن و باسی ڕەگەزپەرستیی خستە ڕەهەندێکی دیکەوە و ئەم باسەی زیاتر ڕوون کردەوە.

جوولەکەکان خۆیان بە نەتەوەی هەڵبژاردە دادەنا. خاوەنی یەکەمین پەیامنێر بوون کە کتێبێکی نووسراوەی لە پاش بەجێمابێت. موسا بە هیمەتی "خودا" نەتەوەی جوولەکەی لە دەست نێزیکە فەوتانێک ڕزگار کردبوو. موسا بۆ ئەوان هەر بە مانای زمانی یەکگرتوو و خاکی بەڵێنپێدراو و نوێنەرایەتی خودا نەدەهات،

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەوە بە سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

بەڵکو ناسنامەی هەموو ئەوەی پێک دەهێنا کە جووەکان خۆیان پێ دەناساند. ئێستا ئامادە نەبوون سوپای نیرۆیەک داگیریان بکات کە لە جەستەی مرۆڤدا خۆی بە خودا دادەنا و لەوەش زیاتر بۆ ئەوە چووبوو کە لێیان بدزێت و بیانکوژێت و تالانیان بکات. جووەکان دەیانزانی ئەم خودا سەرزەمینییە پارەوپول و ماڵ و زەوی هەر ئێستا و بۆ ئێستا پێویستە. مەسەلەکە شتێک نەبوو پێوەندی بە خوداوە هەبێت، بەڵکو شتێک بوو ماڵ و سامانی خەڵکی دیکەی داگیر دەکرد.

ڕۆمەکان بەم بەرەنگاربوونەوەیە فرە تووڕەبوون. لەوەبەر هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونیان دیتبوو، بەڵام لەم شێوەیەدا نا کە خودایەکی دەرزەمینیان لە بەرامبەردا دابنرێت. ڕۆماکان تووڕەبوون لەوەی مافی خودایەتیان لێ وەربگیردرێتەوە و تەسلیم بە شتێکی ئاسمانی بکردرێن کە دەستیان نەدەگەیشتێ و خەڵکی سەرئەدریشی کردبوو بە گژیاندا.

لە مێژوودا بەرەنگاربوونەوەی جووەکان/ ئیسرائیلیەکان دژ بە داگیرکەری ڕۆم مانای سیاسیی قووڵی هەیە و تا ئێستاش ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیە جێی لێفێربوون و تێبینیە. ئیسرائیلی ئەو دەم سووتێنرا و خاپوور کرا و کۆمەڵکوژیی تێدا ئەنجام درا. خەباتی ئازادیخوازانەی جووەکان پەیدابوون و سەرهەڵدانی عیسای لێکەوتەوە کە زیاتر لەگەڵ خەتێکی ئاشتیخوازانەدا بوو. جووەکان ئەوانە بوون کە سەریان بۆ ڕۆم دانەنەواند و ئەو کارەیان بە ناوی خودای موساوە دەکرد. بە پێی دەرئەنجامێکی فەلسەفی ئەو مانایەی هەبوو کە جوو وەک ئایین تاوانبارە. بەڵام زۆر جیاواز لە کوشتوبڕینەکانی دیکەی ڕۆم، لێرەدا شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە دایکبوو. ئەویش مێژووی دژ بە جوولەکەبوون بوو لە ناو مەمەڕەکانی کۆشکەکانی دەستەڵاتی ئورووپادا.

ئەو ڕقەی لە ناو کۆشکەکانی ڕۆم لە جوولەکە پەیدا بوو پاشان بە ناو هەموو شارستانیی ئورووپادا لە شێوەی سووکایەتیپێکردن، قسەڵۆک، درۆبەدەمەوەکردن و شتی دیکەدا دژ بە ئایینی جوو/ نەتەوەی ئیسرائیل دەبینرێتەوە.

ڕۆمەکان کاتێک لە ساڵی ٣٨٥ زایینیدا ئاینی کریستیانیان کرد بە ئایینی دەوڵەت ئەو ڕقە دژ بە جوو بوو بە ڕقێکی ئینستیتیوسیونالیی (دامەزراوەیی).

نێزیکەی ٦٠٠ ساڵ دوای ئەوە کە هۆزە عەرەبە جووەکان نەیانویست ببن بە ئیسلام هەمان ڕق لە جوو لە ناو نیوەدوورگەی عەرەبدا بلاوبووە، و بە شەڕی خوێناوی "خەیبەر" ساڵی ٦٢٩ د.ز. دەستی پێکرد. پاشان لەگەڵ داگیرکردنەکانی ئیسلامدا بە سەر جیهانی ئیسلامیشدا کشا. هەر بۆ نموونە، ١٣٨٠ ساڵ پاش ئەوە، کاتێک هەندێک موسڵمان، بۆ نموونە لە پاکستان، لە پشتگیریی فەلەستینیدا خۆپیشاندان دژ بە ئیسرائیل دەکەن هاوار دەکەن: "خەیبەرتان بێتەوە یادا!". ١٣٨٠ ساڵ پاش "خەیبەر" لە بەیانی ٢٠٠٩/٣/٦ لەسەر شەقامەکانی شاری مالموێ لە سوێد نێزیکەی ٧ هەزار موسڵمان یەکئاواز گۆرانی "خەیبەر، خەیبەر، یا یەهود، جیشو المحمد سوف یعود (خەیبەر، خەیبەر ئەی جووەکان، سپای محەمەد دەگەڕێتەوە بۆتان)" لە نارەزایەتی دەربڕیندا دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل دەچڕن. بەو شێوەیە ئەوی ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل دەیکات دەبەسترێتەوە بە شەڕێکی ئایینیەوە کە ١٣٨٠ ساڵ لەمەوبەر لەسەر ئەوە ڕوویداوە کە جووەکان ویستویانە لە سەر ئایینی خۆیان بەردەوام بن.

ئورووپاییەکانیش هەروەکو هەموو نەتەوەگەلی دیکە گرووپێکی هۆمۆژن، واتە یەکرەنگ و یەکشێوە، نەبوون، و دژ بە یەک لە شەڕی جۆراوجۆردا بوون. بەناوبانگترین ئەو شەڕانە "جەنگی ٣٠ ساڵە" ـ یە کە لە ساڵی ١٦١٨ تا ١٦٤٨ بەردەوام بوو و پاشان بە ڕێککەوتننامەی ڤێستفالیا کۆتایی پێهات کە بە لەدایکبوونی مێژووی نەیشن ستەیت ـ ی Nation State ئورووپایی دادەنرێت. شەڕەکە شەڕێکی مەزهەبی کریستیانی بوو لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکاندا و دژ بە ڕیفۆرمیزمی ناو پرۆتۆتیستانیزم بوو.

کاتێک موسڵمانەکان ساڵی ٧١١ لە ژێر ڕابەرایەتی تاریق کوڕی زیاد گرانادا (بە عەرەبی غرناطە) یان داگیر کرد زۆرینەی شارەکە جوونشین بوو. جووەکان ئەگەرچی دانیشتووانی ڕەسەن بوون، بەڵام بێهێز بوون. شەڕەکە شەڕی نێوان ئەڵاییەکان و عیساییەکان بوو (لە زمانی کوردیدا عیساییەکان بە هەڵە بە خاچپەرست

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

ناوزەندن، کە لە ڕاستیدا خاچپەرست نین، بەڵکو عیسایی و خوداپەرستن). لەو دەمەوە مێژووی داگیرکردن ماسکێکی حەشاردەری پەیدا کرد. لێرەوە مێژوو بوو بە شەڕی عیسایی و محەمەدیی/ خودای کریستیانی دژ بە ئەڵاپەرستیی.

لە شەڕی نێوان ئورووپای کڵێسایی و جیهانی ئیسلامدا سەرەتای ساڵی ١٤٩٢ گرانادا لە موسڵمانەکان سەندرایەوە و کەوتەوە دەست ئورووپای مەسیحی، لەوێشدا جووەکان، واتا دانیشتووانی ڕەسەن، زەرەریان کرد. بەڵام سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە مێژووییەش ئەو خۆشباوەڕییەی کلێسا کە لە سەر بناخەی یوسف بن مەتیاهو و ئوگستینیوس هەیبوو کە گوایا جیهان سێ بەشە و بە تەنها جیهانی کریستیانی و یەهودی و بێدین هەیە، تێگەیشتنێک بوو شکستی دێنا. ئێستا ئیسلامیش بە هێز و دەستەڵاتێکی زۆرەوە هاتبووە سەر شانۆی سیاسیی.

وا بۆ نێزیکەی نۆسەد ساڵ دەچوو زەوی نە هەر ئەوەندەی کە ئیسلامیشی هاتبووە سەر، بەڵکو ئیسلام کۆنستێنتەنیۆپۆل (قوستەنتەنیە/ ئیستانبول) و بەشی گەورەی باکووری ئەفریقا و خوارووی ئورووپای داگیر کردبوو، ئیسلام بناخەی تێگەیشتنیانی لە جیهان خستبووە ژێرپرسیارەوە. تەنانەت ناوچەی گرینگی وەکوو شامی ئەو دەم و ئیسرائیلیشی بە هەموو ئەو گرانیی و مەحکەمیە ئاینیەوە پەی پێ بردبوو. محەمەد توانی باوی "ئورشەلیم"، داروسەلام، بگۆڕێت بۆ "القدس = پیرۆز/ پیرۆزگا" و لە دووریی ٧٠٠ کیلۆمەتر زیاترەوە مۆری دووەم شوێنی پیرۆزی موسڵمانانی لێ بدات. لە مێژوودا هیچ کاتێک ئەو شارە ناوی "قودس" نەبووە محەمەد بوو ئەو ناوەی خستە ناو زار و زیهنی موسڵمانانەوە.

بارئاشی جووەکان کەوتبووە نێوان بەردئاشی محەمەدیەکان و عیساییەکانەوە. سێ ئایین بەرانبەر بە یەک وێستان و هاوکات هەر سێکیشیان بەرانبەر بەوەی خۆیان بە بێ خودا دەیانناساند، وێستانەوە. لە درێژەی شەڕ و داگیرکردنەکاندا دەرکەوت بێخوداکان قارەی نەفرەتلێکراوی ئەفریقا و ئەمەریکا بوون. ئایینی ئیسلام و کریستیانیزم کەوتنە خۆ بۆ فراوانکردنی پاوانیان. ئایینی جوو کە لە ڕێگای خوێنی دایکەوە بڕووای بە بەرفراوانبوونە و لەگەڵ بە زۆرکردندا نییە، لە شوێنی خۆی مایەوە.

کۆلومبس ( ساڵی١٥٠٠) ئەمەریکای دۆزییەوە و هەر پادشایەک ئازا بووایە سەرباز و بەلەمی خۆی دەخستە دەریاوە و بە ناوی عیسا و بە موبارەکیی کڵێساوە بە هیوای دۆزینەوەی سامانی بەلاشدا دەگەڕا. وای لیهات کە ئیتر خودی پاپا بڕیاری دەدا کام بەشانەی جیهان داگیر بکرێن و چۆنیش لە نێوان ئیسپانی و پوروگالیەکان دابەش بکرێن. ئەو کاتە ئیسپانی و پورتوگالیەکان زلهێزی سەر زەوی بوون.

دابەشکردنی جیهان بە پێی لێکدانەوەی تەورات و ئینجیل و جیاکردنەوەی "ئێمە" ـ ی بە دین و "ئەوانی" بێدین، بەرفراوانبوونی ئیسلام و کێبڕکێی هەر سێ دینی هاوخودا بەڵام لە سەر پیغەمبەری جیاواز و پاشان دۆزینەوەی ئەمەریکا، بوو بە هۆی پێویستبوون بە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی نوێ لە سیاسەت، لە ئایین و لە ئابووریی و لە کاروباری ڕۆژانەی خەڵک.

دەستەڵاتی داگیرکەریی ئورووپایی بێ قەیران نەبوو. ئورووپا لە ناو قوڕ و سەرما و برسێتی و نەبووونیدا، لە ژێر دەستی ئاسنینی دەرەبەگ و پاشاکاندا، لە ناو خۆدا شەڕی مەزهەبی دەکرد، کە هاوکات ڕوو بە دەرەوە لە شەڕی دژ ئیسلامدا بوون.

شیری دوو تیغەی کریستیانیزم کە لە لایەکەوە داوای دادوەریی و یەکسانیی بەندەکانی خودای دەکرد و لە لایەکی دیکەوە دەستەڵاتداران وەکو پێوەری شارستانیی بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنا، کاری بۆ زەحمەت دەکردن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەموویان سوودیان لە گێڕانەوەکانی کریستیانیزم و موسایزم وەردەگرت کە بە ناوی ئایینەوە بڕۆن و کەسانی دیکە بە شارستانیی بکەن، بەڵام هەر لە ڕووی سیاسییەوە جێ پێیان لەق بوو.

مەسەلەی مورالی/ ڕەووشتی کریستیانیی و شارستانیی کە قەیرانی بۆ ساز کردبوون دەبوو بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت. یان خودا دادوەر و دەستپاک و میهرەبانە، یان ناهەق و دز و دڕندە. بە قەولی مارکس "ژن نیوەسکپڕ نابێت".

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

بێ ئەوەی لە ڕاستییدا هیچ کەس لە خاوەن بیران و لە فەیلوسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەریی بە تایبەتی مەبەستی بێت، بێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو فەیلەسوفانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی یەک بێت، سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردنەوە.

داگیرکردنەکانی سەرتاسەری ئەمەریکا، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە ئێستا بە لاتینیی، "ئەمەریکای لاتین"، ناو دەبرێت، خوێناوی و دڕندەبوون. لاتین پیتی سەرەکی و زمانی سەرەکی کڵێسای ئورووپا، بۆ ئەو بەشەی ئەمەریکا بوو بە نەفرەتی خودا. نەفرەتێک کە ئیدی هەتاهەتایە هەر پییانەوە دەمێنێت.

لە کەمتر لە چل ساڵ داگیرکەرییدا تەواوی ئەو قارە مەزنە لە خوێندا گەوزێندرا.

ساڵی ١٥٤٠ بە خەباتی ماندوونەناس و مەزنی قەشە لاس کاساس (Bartolomé de Las Casas ١٤٧٤ د)، کۆیلەفرۆشیی سووورپێستەکان لە سەر زەمینی ئیسپانیا قەدەخە کرا.

لە هەرێمی ڤالادولید (Valladolid) لە ئیسپانیا کە یەکێک بوو لەو شوێنانەی لە سیستەمی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەی کۆیلەیەتیدا بەناوبانگ بوو، بازرگانێکی کۆیلە هەبووە پێی وابووە سووورپێستەکان مرۆڤ نین و دەیگوت مرۆڤ بۆیە مرۆڤە چونکە توانای پێکەنین و دەربڕینی شادیی هەیە. ئەوجا بۆ ئەوەی قسە قسەی خۆی بێت، گرەوی خۆی بەوە تاقی دەکردەوە کە کێ بتوانێت سووورپێستەکان وەپێکەنین بهێنێت و بە مرۆڤیان بسەلمێنێت. سووورپێستەکانیش لە ناو خاکی خۆیاندا لە ناوەختدا زەفەریان پێ بردرابوو، دووڕکوژ و بێکەسکوژ و کۆمەڵکوژ کرابوون. ماڵ و حاڵیان سووتێنرا بوو و هەر لە شوێنی خۆیاندا دەگیران و دەکران بە کۆیلە و هەزاران کیلۆمەتر لە خاکی خۆیان دوور خرابوونەوە. ئێستا لە ناوەڕاستی ئیسپانیا و پورتوگالێکی پڕ بگرەوبەردەدا، هەزاران فرسەخ لە بۆنی گوڵ و دارودرەختی خۆیان، لە شوێنی هەزارساڵەی ژیانیان، لە خۆشەویسترین کەس و کار و لە زەردەخەنەی منداڵی نەدیتوویان، دوور بوون.

هەر کەس خۆی تاقی دەکردەوە نەیدەتوانی سووورپێستێک بخاتە پێکەنین. سووورپێستێک نەبوو کە بتوانێت پێ بکەنێت. دیار بوو کێ گرەوی دەیردەوە. سووورپێستەکان مرۆڤ نەبوون.

پورتوگال و ئیسپانیای لاتین و کاتولیک ئەو شارستانییەی کە خۆیانیان پێوە با دەدا. لە چەندینی وەکو تاسیتوس پوبلیوس (Tacitus ٥٥ د.ز) مێژوونووسی ڕۆمان کە باسی لە ئازایەتی و ڕەسەنیی جەرمانیی و زمانی جەرمانیی دەکرد و لە هەموو ئەو فەیلەسوفانە وەرگرتبوو کە باسیان لە هەرەمی دەستەڵات دەکرد.

بەڵام ئەوانەی سەردەمی ڕۆشنگەریی بوون کە زەمینەی سەردەمیان بۆ داگیرکردن بۆ سازکردن.

کارل ڤۆن لینێ (Karl Von Linné ١٧٠٧ – ١٧٧٨)، کەسایەتیەکی ئایینی بوو، و هەروەکو زۆربەی زۆری ئەوانەی سەردەمی خۆی لە فرەبابەتدا زانا بوو. ئەم مرۆڤی بەسەر پێنج جۆر ڕەگەزدا بەش کرد، ئەو دابەشکردنە شتێکی لەوانە زیاتر بوو کە پێش خۆی هەبوون، ئەم هەم بە پێی جوگرافیا و هەم بە پێی ڕەگەزیش دابەشی دەکردن. ئورووپیی، ئەفریقایی، ئاسیا، ئەمەریکا و مۆنستریۆسەکان (دێوزمە/ دەعبا).

ئورووپییەکان وەک دەزانرێت ئەوانەن کە ژیر و پیاوخاسن، ئەمەریکاییەکان دڕندە و ئەفریقاییەکان خاو و تەمەڵ و ئاسیاییەکان خەمگین و پاشموردە و خەسیسن و مۆنستریۆسەکانیش کە بۆ نموونە چینییەکانیشی دەگرتەوە، نەرم و ترسەنۆک بوون.

ئەو کارەی کارل ڤۆن لینێ لە باسی ڕەگەزپەرستییدا شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە ئەم توانی ڕووخسارێکی جوگرافیایی بە ڕەگەزەکان بدات. کە بیستەرێک گوێی لە وشەی ئەفریقا دەبوو یەکسەر بە تەمەڵنشین دەهاتەگوێی، ئەفریقا مەنزڵی تەمەڵ و خاووخلیچکەکان بوو.

بەفۆن (Georges-Louis Leclerc de Buffon ١٧٠٧ د) باسی ئەمەریکا زۆر بە خراپە دەکات و پێی وایە ئەمەریکانشینەکان (بخوێنە: سووورپێست) هەندێکیان هەر زۆر دڕندە و کێوی و بێدەربەستن، بەڵام بە ڕای ئەم هەر هەموویان گەوج و نەزان و بێگوێن و هیچ تەرایەکی هونەری و پیشەسازییان نییە. بەفۆن هێندە لییان تووڕە بوو کە دەڵێت "هەندێکیان تەنانەت هێندە خراپن کە شەڕ بە کۆلۆنیالیستەکانیشمان دەفرۆشن".

7 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

لەکلارک لە ماڵی گەرم و گوڕی خۆیدا بەلایەوە سەیر بوو سووڕپێستی خانەخوێ وەڵامی بەرگریی و شەڕ بەو داگیرکەرانە بدەنەوە کە ئورووپاییەکان سەربەرزانە و شانازە بە کۆلۆنیالیست ناویان دەبردن. بەفۆن بە پێشەنگی سەرەتای بیری هەڵبژاردەی سرووشتیی دادەنرێت.

دەیڤد هەم (Daivd Hume ١٧١١) هاوتەمەنی هاوبیرانی خۆی، ڕەشپێستەکان هەر بە "قول" بانگ دەکات و پێی وابوو قولەکان هەر بە سرووشت لە خوار سپیپێستەکانەوەن و ئیمانوێل کانت (Kant ١٧٢٤د) دڵنیابوو کە ڕەشبوونی پێشت ڕەنگدانەوەی ڕەشبوونی ناخیشە. کانت باسێک لە زمانی کەسێکەوە دەگێڕێتەوە بە ناوی "لەبات". گوایا لەبات، کە نووسەرێکی ئەو سەردەمە بووە، چووە بۆ ئەفریقا و لەگەڵ ڕەشپێشتەکاندا ژیاوە. لەوێدا دەبینێت کە ڕەشپێشتەکان خراپ مامەڵە لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن. لەو پیوەندیەدا گوایا کابرایەکی دارتاشی ئەفریقایی بە لەبات ـی گوتوە ئێوەی سپیپێست ماف بە ژنەکانتان دەدەن، ئەوانیش چاویان دەکرێتەوە و پاشان قسەتان لێ قبوڵ ناکەن، بەڵام ئێوەش عورزەی ئەوەتان نیيە قسەيان قبوڵ بکەن، ئەوجا تووڕە دەکەن و بەگژیاندا دەچن.
کانت کە حەز بە چارەی ژنان ناکات لە گێڕانەوەکەیدا دیارە کە قسەی کابرای ڕەشپێستی پێخۆشە، بەڵام ڕوونیش دیارە کە هەر لەبەرئەوەی کابرا ڕەشپێشتە ئەم لە وەڵامی خۆیدا دەڵێت: "کوڕەکە هەر تەواو ڕەشی قەتران بووە .... ڕەشیەکەی بە ڕوونیی سەلمانددوویەتی کە هەرچیەکی گوتووە قسەی قۆڕ بووە".
توماس جێفەرسۆن (Thomas Jefferson ١٧٤٣) سێهەمین سەرۆککۆماری ئەمەریکا و یەکێک لە خاوەن زەویوزەرە گەورەکان بوو. کەوتە لایەنی ئەوانەوە کە دژ بە کۆیلەیی ڕەشپێستەکان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ڕەشپێستەکان لە دوورەوە ڕابگیرێن و لەگەڵ ڕەگەزی سپیدا تێکەڵ نەکرێن، بە ڕای ئەو "چونکە دەبنە هۆی لکەدارکردنی بێخەوشیی ڕەگەزی سپی".
یوهان فرێدریخ بلومنباخ (Johann Friedrich Blumenbach ١٧٥٢)، فەیلەسوفی ئەڵمانی کە بابی ئانترۆپۆلوژیی دەناسرێت، پێی وابوو ڕەگەزەکان پێنج (٥) جۆرن. بایەخی ئەم لە شیکردنەوەی باسی ڕەگەزەکاندا فرە شایانباسە، چونکە ئەم بوو کە چەمکی "پرینسیپی داڕزان/ داوەشان Degeneration" ـ ی داهێنا. چەمکی "داڕزان/ داوەشان" ئەو مانایەی هەیە کە هەر ڕەگەزێکی خاوێن، بۆ نموونە سپیپێست، بە شێوەیەک تێکەڵ بە ڕەگەزی دیکە بکرێت ئەوا ئەو داڕزان و کرمێبوونەی تووش دەبێت کە خودی ئەو ڕەگەزانەی دیکە تێوەی گلاون.
کیوڤەر (Georges Cuvier ١٧٦٩)، یەکێک لەوانەی فەرەنسیەکان بە ئەریستۆی خۆیان دادەنا و ئەو دەم بە ئەناتۆمیست دەناسرا بە ئارەزووی خۆی لەسەر ڕووخسار و بچووک و گەورەیی مێشکی ڕەگەزەکان دەدوا، ڕۆبەرت ناکس Robert Knox (١٧٩١ د) کیمایست و ئەناتۆمیستی سکۆتیی کە شاگردی کیوڤەر بوو لەگەڵ هاوسەردەمی خۆیدا، مۆرتۆن (Samuel George Morton ١٧٩٩)، لە هەموو ئەوانەی پێش خۆیان خراپتر بیریان دەکردەوە. هەر سێکیان، هەریەکەی لە شوێنێک، بە ئارەزووی خۆیان لەسەر ڕووخسار و ئەندازەی کەللەسەر و سیکێڵێتی مرۆڤی دیکە دەدوان. لە تاقیگاکاندا کەللەسەری ڕەشپێست و ئەوانی دیکەی کۆ دەکرانەوە و بە ئارەزووی دڵ پڕ لە کا یان ساچمە و هەڵمات دەکردران بۆ ئەویە بزانرێت [بسەلمێندرێت] لە بەراووردی کەللەسەری سپیپێستدا چەند دەگرن، چونکە پێیان وابوو ئەقڵ پێوەندیی بە گەورەیی و بچووکیی کەللەسەر و مێشکەوە هەیە. کیوڤەر بە ئارەزووی خۆی ئەو کەللەسەرانەی پڕ دەکرد. پاشان دەرکەوت کە لە حاڵەتی سپیپێستەکاندا بە ئیسراحەت بە زۆر هێندەی دەتوانرا دادەگیرایە و پڕپڕ دەکران تا زیاتر بگرن.
ئەو دەم ئاسایی بوو کە گۆڕدز و مەیتدز بەکرێدەگیران و ڕادەسپێردران لاشە پەیدا بکەن. بەڵام دەرکەوت کە ناکس تەنانەت بکوژیشی بۆ کۆکردنەوەی کەللەسەر بە کرێ گرتبوو. ناکس لەسەر کارەکەی لابردرا. بەڵام تازە دەستی خۆی وەشاندبوو و کاری کردبووە سەر تێگەیشتنی گشتیی. و پاش چەند ساڵێک کارەکەیان پێ دایەوە. خولاسەی تێگەیشتنی هەموویان ئەوەبوو کە ڕەگەزە کەم ئەقڵەکان تا زوو بمرن و نەجاتیان بێت بۆ خۆیان باشترە.

8 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەڕا نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

هانس گونتەر (Hans Friedrich Karl Günther) هەنگاوێک زیاتر بیری ڕەگەزپەرستیی بردە پێش. ئەم خودی ئەو بابەتەی بە ستیریۆتایپ کرد، واتە لێکچوونێکی بابەتیانە، کە هەر هەموو ئەو شێوانە پیسیەکیان تێدایە.
کەواتە هەموو ئەو ڕەگەزانە، بێ لە سپیپێست، دەتوانن عونسری تێکدان و خراپکردن بن، ئەگەر بێت و ڕێگایان پێ بدرێت لەگەڵ ڕەگەزی سپیپێستدا تێکەڵ بکرین و لەسەر ژیان بەردەوام بن. جیاوازیی ئەم لەگەڵ بۆ نموونە بلومنباخدا ئەوەی کە بلومنباخ بەهایەکی تایبەتی بە جوانیی نادات، وەلێ ئەم پێی وایە ڕووخسار و ڕووالەت - یش گرینگن. هانس گونتەر هەروەکو بلومنباخ داهێنانێکی نوێی کرد. ئەم بوو کە چەمکی "کوشتنی میهرەبانیی (Euthansia)" داهێنا. سەرئەنجامی ئەم ئەوەبوو کە ئەگەر ڕەگەزەکانی دیکە بە دەردی پیسیی و کەم ئەقڵیی و پلە نزمیەوە بناڵێنن کەواتە لە ڕاستییدا کوشتنیان جۆرێکە لە ڕەحم پێکردن و دەربڕینی میهرەبانییە. هەروەکو چۆن مرۆڤ نابێت لە کاتی سەرەمەرگی ئەسپەکەیدا دەستەوەستان بێت و نابێت وازی لێبهێنێت بێهوودە بناڵێنێت، و حەتمەن دەبێت زوو بیکوژێت بۆ ئەوەی ئازار نەچێژێت، هەرواش مرۆڤ دەتوانێت ئەو جۆرە ڕەگەزانەی دیکە زووتر بە مەرگ شاد بکات. چەمکی کوشتنی میهرەبانیی پاشان دزەی کرد و خۆی ئاخنیە ناو زانستی دەرمانەوانیشەوە. هەر ئێشتا لە هەندێک وڵاتی دونیا ئەم چەمکی کوشتنی میهرەبانییە سەبارەت بە مرۆڤی نەخۆشی تووشبوو بە دەردەمەرگ باسێکی گەرم.

سپێنسەر (Herbert Spencer ١٧٦٢ د) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کاری گەورەی لە پاش خۆی بە جێهێشت، بەڵام سەبارەت بە ژن و منداڵ و ڕەگەزی دیکە سەرسەخت بوو. ئەم بوو کە چەمکی "پەروەردەی ڕەش" یان "ڕەشەپەروەردە" - ی داهێنا. سپێنسەر مەبەستی ئەوەبوو کە لێدان و کوتان و بەکارهێنانی زەبری فیزیکی دژ بە منداڵ دەبێت لە چوارچێوەی ئاقڵکردن و ژیرکردنیاندا ببینرێت. لە زۆرێک لە کولتورەکاندا ئێستایش لە گریانبوونەوەی منداڵ بە "ژیر– بوونەوە" دادەنرێت. کاتێک منداڵێک دەگری لە دۆخی ناژیرییدایە و کە لە گریان دەبێتەوە، دەچێتە دۆخی "ژیربوون/ ژیربوونەوە". سپێنسەر بوو لە "Survival of the fites" بناخەی ئەو بیرەی دارشت کە پاشان لە مێژوودا دەبینین چۆن داروین هات و بینای سەرخانی خۆی لەسەر هەڵچنی. سپێنسەر برووای بە "لەسەر ژیان بەردەوامبوونی هەرە گونجاوترین لە شێوەکان بوو". سپێنسەر دەڵێت "توند و ڕەق، دەبێت ڕێگا بە یاسای سرووشت بدرێت کۆمەڵگا بەڕێوە ببات. بێوەژنان و بێدایکوبابان دەبێت بیسەلمێنن کە خۆیان دەتوانن بژین. دەوڵەت نابێت یارمەتی تاکەکەس بکات". لە "Social Statics" دا زۆر ڕۆمانتیکانە بە شانوپلی ئیمپریالیزمدا هەڵ دەدات لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم بووە بە هۆی "لەناوبردنی ڕەگەزە نزمەکان".

شلیگل (August Wilhelm Schlegel ١٧٦٧ د) کەمێک ئەو بازنەیەی بەجێهێشت و گەورەترین لە شاکارەکانی وەکو سێرڤانتێس و دانتێ و شەکسپیری وەرگێڕا بۆ ئەڵمانی و کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕۆمانتیکی نوێ هەبوو. ئەم پێی وابوو کە زانایی مرۆڤ لە هیندوستانەوە هاتووە و بەو کارە لای زۆرینەی زۆری بیروانانی ئەو سەردەمەی خۆی بەرەو شوێنێکی دیکە وەرچەرخاند، بەڵام یەک شتی کرد کە دووبارە هەموو ئەو ڕێگایانەی بردەوە سەر ڕۆم. ئەم چەمکی ئیندو جێرمانی کرد بە ئیندوئورووپی و پاشان بە ئاریایی.
شلیگل نەیدەزانی، (ئێستایش زۆرێک نایزانن)، ئاری وشەیەکی کۆنی هیندیە و بە مانای "بەگ/ خانەدان" دێت و لە هیندوستانی کۆن "ئاریایەکان" گرووپ نەبوون، بەڵکو نوخبە/ ئیلیت بوون و تەناقنەت ناوچەیەکیش بەو ناوەوە هەبووە، کە بە مانای "خانەدانستان/ بەگستان" هاتووە.
بەو شێوەیە بێخەوشی ڕەگەزی سپی خرایە ناو بازنەیەکی ڕوونترەوە کە ئاریاییبوون بوو. لەو ئاریابوونەدایە پاشان دەبینین کە "ماین کامپ = ئەوی من خەباتی بۆ دەکەم/ تیکۆشانم" - ی ئەدۆلف هیتلەر کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦ دا نووسیی، لەنگەری گرت. جەرمانییەکان چوارچێوەی ئاریایی بوون و سکاندناڤیەکانیش بە کرۆکی ئەو دادەنران. ئەدۆلف هیتلەر تا ئەو دەمەی مردیش خەونی بە گوندێکی

سەرسەوزی پڕ مەڕوماڵات و منداڵی کوڵم سوور و ژنە باڵابەرزی لێودەم سووریی دەست بەکار و چالاک دەبینی. جیهانی ئاریایی لە شێوەی گوندێکی دەستتێنەدراوی پیس نەکراو. کرۆکی خاوێنیی ئاریاییبوون بوو بۆ هیتلەر. لە ناو دونیایەکی ڕۆمانسیی زیهنیدا کە نموونەکانی شلێگل بۆیان خولقاندبوو هیتلەر وەک بادەوەی بەن پچڕاو ماخۆلان بوو.

سەیر نییە کاتێک کە مرد ئوروپایەکی ڕووخاو و خاپوور و مەرگگای لە پاش خۆی بەجێهێشت.

ئەوانەی هێگل (Georg Wilhelm Friedrich Hegel ١٧٧٠ د): دەخوێننەوە دەزانن کە هێگل یەکێکە لە هەرە ئەوانەی شوێن قامکی بە دووبارە داڕشتنەوەی فەلسەفەی ئەڵمانیەوە دیارە و کاریگەریی گەورەی کردە سەر تەواوی تێڕووانینەکان. ئەم بوو بە دایکی چەمکی "تێز، ئەنتی تێز و سینتێز". بۆ هێگل گۆڕانکاریی و گەشەی ڕۆح گەورەترین و بایەخدارترین بزووانەوە لە مرۆڤدا. ڕۆح لەگەڵ ئەقڵدا بڵند دەبێت. تا ئەقڵ مەودای گەورەبوون و فراوانبوونی کەمتر بێت، ئاستی ڕۆح زیاتر دادەشکێت. لەو سەرئەنجامەوە گەیشتە سەر چەمکی "نەفی نەفی، واتە ڕەتکردنەوەی ئەوی هەیە و دانانی ئەوی نوێ لە جێی کە بە زمانی ئینگلیزیی بە "نیگەیشن ئۆف نیگەیشن Negations of Negation" ناوزەند بووە. بەلای هێگلەوە نائوروپییەکان کەمتر لە ئوروپییەکان مرۆڤن، چونکە نائوروپییەکان وەکو بوونەوەری مێژوویی نەگەیشتوونەتە ئاستی خودئاگایی و خۆناسین. ئەوانەمان کە لەم خوێندنەوانەدا قووڵ دەبینەوە دەبینین کە هێدی هێدی وشەی "ئوروپا/ ئوروپایی" دەبێت بە کرۆک/ ناوەند، واتا "ئێمە" لە بەراوورد و پێوەندیی لەگەڵ "ئەوان"، دونیای "نائوروپی". لێرەوە دەبینین کە ئوروپا وەک ناوەندی جیهان دەبینرێت.

مولەر (Friedrich Max Müller ١٨٢٣ د) لە باسەکانیدا دووبارە دەچێتەوە سەر سەرەتای باسەکانی یوسف بەن مەتیاهو و سەینت ئوگوستوس و ئاماژە بە ئایینێکی تایبەتی بۆ ڕەگەزی ئاریی، بە پێی چیرۆکی نوح – ٣ کوڕ هەم (ئەفریقا)، سەم (ئاسیا) و چەفاد (ئوروپا) دەکاتەوە. دووبارە پێوەندیی ژیر و بێئەقل، جوست و تەمەڵ دێنێتەوە ئارا.

ڕێنان (Ernest Renan ١٨٢٣ د) یەکێک بوو لەو ڕووناکبیرانەی کە پێی وا بوو دەیزانی عیسا چۆن و لە کوێ لە دایک بووە. بە ڕێککەوت بوو ڕیسی هەموویانی نەکردەوە بە خوری، بەڵام بۆ ئەوەی کە تیئۆری ئوروپابوون و چەڤاد بسەلمێنێت خۆی زۆر ماندوو کرد، کە یەکەم بیسەلمێنێت عیسا مرۆڤە و دووهەمیش کە ئارییایشە، بە کوردیەکەی مرۆڤێکی خاوێن و ئاقڵی ئوروپییە، نەک سامیی.

خوێنەر تێبینی دەکات کە لێرەوە دووبارە ئایین/ نەتەوە (مەسیحی– ئوروپی) (جوو – سامیی) دێنەوە ناو باسی ڕەگەز. ڕێنان پێی وایە سامیەکان کەسایەتیەکیان هەیە کە خودین، کە خاوەنی بەیت و باڵۆرەن، کە بڕوایان بە مۆنیتیزم و یەکخۆرمیی و بە فەناتیزم هەیە، کە ساختاری کۆمەڵایەتیان هۆز و پۆلیگامی و دێسپۆتیزمە.

بەڵام بۆ ئەم ئارییەکان کەسایەتیی بابەتیین، توانای کۆکردنەوە و فۆرمەلەکردنیان هەیە، خاوەنی شیعر، داستان، دراما و پەیکەرتاشیین، و لە ناویاندا میتۆلۆژی، پۆلیتیزم، فەلسەفە، زانست، هەمەلایەنیی و هەمەڕەنگیی، تۆلەرانس جێی خۆی کردووەتەوە. ئارییەکان ئاشقی ئازادیی و سیاسەت و دیموکراتین.

ڕێنان هەروەکو هاوسەردەمیانی خۆی نەیدەزانی کە وشەی ئوروپا بە زمانی سامیی کۆن بە مانای "تاریک" دێت. سامیەکان لە شارستانی خۆیاندا ئوروپایان بە کیشوەری "تاریکستان" دا دەنا.

نیچە (Friedrich Wilhelm Nietzsche ١٨٤٤ د) ڕەنگە یەکێک بێت لە ئەو دەگمەن فەیلەسوفانەی ئوروپا کە لە ڕووی هەژاریی و نەدارییەوە بە نووسەر و ڕووناکبیریی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەچێت. تا دەژیا نە کەس کتێبی دەخوێندەوە و نە بەهەند دەگیرا و نە باسی ڕۆژ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لەوانەی کە بیری قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت. هەر لە چەمکی "مرۆڤ باڵا/ سوپەرمان" تا بیری سەبارەت بە ژن و بە دەستەڵات جێی بێنەوبەرەیە. ڕەنگە بەدبەختیەکی ئەم، هەروەکو سپێنسەر و داروین و ماڵتۆس، ئەوە بێت

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەوە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

کە هیتلەر توانی لە خراپلێحاڵیبوون لە تێگەیشتنەکانیان، بناخەیەک بۆ بیری فاشیزم هەڵبچنێت. هەر بۆیە هیتلەر سەبارەت بە فاخنەر و نیتچە دەڵێت: فاخنەر بۆ من نۆت دانەرمە و نیتچەش فەیلەسوفم.

ماڵتۆس Thomas Robert Malthus) ١٧٦٦ د) ئابووریزان و داهێنەری چەمکی "زانستی گەشەی دانیشتووان" بوو. ماڵتۆس نە ڕەگەزی بە خەیاڵدا دەهات و نە ناوچەی جوگرافیی. بەڵام باسێکی هێنایە گۆڕ کە لە سەردەمی خۆیدا بوو بە گەرمەباس و ئەوانەی دەیانوویست بە ئارەزووی خۆیان خراپ لێی تێدەگەیشتن.

کارل مارکسیش یەکێک بوو لەوانەی لە ڕووانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی و سۆزگەرییەوە لێی تێدەگەیشت. لێنینیش هەروەها یەکێک بوو لەوانەی هەر لە هەما ڕووانگەی مارکسەوە، ئەڵبەت توندتر لە مارکس، دژایەتی ئەو بیرەی دەکرد. ماڵتۆس ئابووری زان بوو، دەیزانی پارە چۆن دەژمێردرێت و بەش دەکات. مارکسی لاو ئایدیالیست بوو، لە پارەدا تەنها بیری لە دابەشکردنەکەی دەکردەوە. ماڵتۆس زەوی بە یەک پارچە و مرۆڤیشی وەکو یەک دەبینی. بەڵام پێی وابوو بەو شێوەیەی مرۆڤ زیاد دەکات بەرهەم و زەوی لە ئاییندەدا بەش ناکەن و ئەوە دەبێت بە مایەی کێشەیەکی گەورە بۆ مرۆڤ. ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە ژمارەی خەڵک/ دانیشتووان جیۆمێتریک geometric، واتە خێرا، پەرە دەستێنێت، کە هاوکات بڕ و چوونایەتی بەرهەم ئاریسماتیک arithmetic زیاد دەکات، واتە لە ئاستێکدا دەبێت کە بەش نەکات و ئەوەش دەبێتە مایەی پەیدابوونی برسیەتیی و شەڕ و هەرا. ماڵتۆس هەرچەندی دەکرد خودتوانایی مرۆڤ بۆ وەبەرهەمهێنان بەشی ئەو هەموو زگە برسیەی نەدەکرد (دیارە بە ئەقڵی ئێستا دەتوانین ڕەخنەگر بین لەو ڕووەوە کە ماڵتۆس بیری لە داهێنان و توانای تەکنیکی و کۆنترۆڵی دانیشتووان و شتی لەو جۆرەی نەکردووەتەوە). مارکس و لێنین و سۆسیالیستی دیکە پێیان وابوو ماڵتۆس بە ئەنقەست بەدمەبەستە. پێیان وابوو بەو جۆرە بیرە ئەقڵی سۆسیالیستانەی هێشتا لە دایکنەبووی مرۆڤەکان دوا دەخات و ڕێیان لێدەگرێت کە ببن بە سۆسیالیستی ئاییندە.

مارکس و لێنین دەیانزانی کە ئەو بیرەی ماڵتۆس لە ئورووپادا پێشینەیەکی هەبوو، بۆ نموونە زۆر پێش ماڵتۆس, مایکاڤیللی Niccolò di Bernardo dei Machiavelli زۆربوونی دانیشتووانی بە کێشەیەک داناوە.

ڕووانگەکانی ماڵتۆس بۆ بیری داگیرکەریی و کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی بوو بە خۆراکێکی لە وزە نەهاتوو. ئەگەر مرۆڤ بەو شێوەیە لە زۆربووندا بێت و بەرهەمیش، و بەتایبەتی بەرهەمی بژێویی، ئاوا لە مەترسی بەش نەکردنندا بێت، ئەدی بۆچی مرۆڤە بێخێر و بێرەکان نەمرن و نەکوژرێن و کۆتا نەبن؟ هیچ فەیلەسوف و ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە نەیاندەتوانی خۆ لەبەردەم شاڵاوی پۆپۆلیسیتیدا رابگرێت. هەموو دەبووایە بە پێی بەرژوەندی دەستەڵاتی سیاسیی "دروست" بوونایە.

داروین Charles Robert Darwin) ١٨٠٩د) لە ڕاستیدا نە حەزی لە خوێندنی ڕەگەز و ڕەگەزیی بوو و نە باوەڕیشی پێ دەکرد، بەڵام لە On the Origin of Species یەک وشەی بە سەر زماندا هات کە هەتا هەتایە کەڵکی بەرئاوەژووی لێ وەرگیرا. ئەو وشەیە "هەڵبژاردەی سرووشتیی Natural Selection" بوو. مەبەستی داروین لەو قسەیە ئەوەیە کە لە سرووشتدا کۆمەڵێک یاسای نەنووسراوە هەیە. هەموو ئەو بوونەوەرانەی هەن بە شێوەی جیاواز هەوڵ دەدەن لەگەڵ کەش و ئاووهەوا و ژینگەدا خۆیان بگونجێنن و هاوکات دژە یەکترن. لەو بێنەوبەرە زۆر ناسک و تێکچڕاودا ئەو جۆرە توخمەڕەگەزانە دەتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن کە توانای زووخۆگونجاندن و باشخۆگونجاندنیان هەیە. بە شێوەیەکی دیکە مرۆڤ دەتوانێت بە گەلێک شێوە لەمە تێ بگات و لێکی بداتەوە. یەک تێگەیشتن لەوانە ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پێ دابگرێت کە تەنها بوونەوەرە *بەهێزەکان* لە درێژخایاندا دەتوانن بژین.

ئەم پێ داگرتنە بوو بە پێداگرتنی ڕەسمیی بۆ لێکدانەوەی "هەڵبژاردەی سرووشتیی" داروین. لەوەبەر باس کرابوو کە مرۆڤ یەک ڕەگەز نییە، بەڵکو فرە ڕەگەزە و پاشان لە ناو ڕەگەزەکاندا دانەیەک سەرتۆپە و ئەوانی دیکە سەربەرەوخوار دەکەونە پلیکانەی ئەو پەیژەیە. لەوەبەر، زۆر پێش داروین، ئەو هیرارشیە

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

وەکو هەرەمێک بۆ ڕەگەزەکان دانرابوو. سپییپێست لە هەموو جوانتر و باشتر و بەهێزتر و خاوێنتر بوو و هاوکات ئەوانی دیکە کەمتر و کەمتر ئەو خاسیەتە باشانەیان تێدابوو/ تێدایە. باشترین سەرئەنجام بۆ ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە سپێستەکان هەڵبژاردەی سرووشتیین.
ئەوانی دیکە بە مەرگ مەحکومن. چ جیاوازییەکە خۆیان بە کاوەخۆ بمرن یاخود زوو بکوژرێن و ببڕدرێن و ماڵ و سامانیان داگیر بکرێت؟
ئەو سەرئەنجامانە هەر بەرهەمی بیروانانی بورژوازیی نەبوون. پێش هیتلەر لە مێژ بوو بزووتنەوەی ناسیونال سۆسیالیزم بڵاو بووبووە و گەورە مارکسیستانی ئەو سەردەمە لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لایان دەدا و دەچوونە پاڵ ئەو بیرە. یەکێک لەوانە لودڤیگ ڤۆلتمانudwig Waltmann بوو، کە لە ژێر کاریگەریی داروینیزم و سۆسیالداروینیزمدا بوو بە ڕەگەزپەرست.

چەمکی "هەڵبژاردەی سرووشتیی" زوو بە هۆی لەدایکبوونی جەمکێکی سیاسیی  کە پێی دەگوترێت "بزووتنەوەی سۆسیالداروینیزم" و پاشان "بزووتنەوەی "یوجن/ یوجەنسست eugenicist". "بزووتنەوەی "یوجن" بە ڕاستیی بوو بە بناخەی ڕەگەزپەرستیی سیاسیی ئورووپا. بزووتنەوەی یوجن/ یوجەنست چەمکی جوانپەرستیی داهێنا. ئورووپییەکان جوانترین بوون. جوانترینیش بەشێکی گرینگ بوو لە خاسیەتی خاوێنیی و بێخەوشیی و دانسقەیی.

بێ ئەوەی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە خودئاگا بیر لە پێداگرتنەکانی خۆیان بکەنەوە دەگەیشتنە سەرئەنجامگەلێک کە نەیاندەزانی ڕووەو کارەساتێکی زۆر گەورەتر لە کۆیلەیی دەیانبات. بزووتنەوەی یوجن ئەم بیرەی گەیاندە سەرئەنجامی هەبوونی "بایۆلۆژیی ڕەگەزیی Biological racism". هیچ چەمکێکی سیاسیی وەکو ئەم چەمکە زیانی سیستەماتیکی بە مرۆڤ نەگەیاندووە. لە وڵاتی وەکو سوێد هەتاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکانیش دامەزراوەی ڕەسمیی دەوڵەتیی تایبەت بەم بیرە هەبوو.

بە پێی ئەم بیرە هەموو ڕەگەزێک سرووشت پێشوەخت بڕیاری لەسەر پێکهاتە و خەسڵەتی بایۆلۆژیی داوە. ئەو جۆرە بوونەوەرە تازە ئیتر بەکەڵکی ئەوە نایەت دوعای خێری بۆ بکرێت. خۆی هەر بە مەرگ مەحکومە و لەگەڵ هەر شێوەیەکی دیکەدا تێکەڵ بکرێت ئەویش لەگەڵ خۆیدا خراپ دەکات.

گوبیناو (Joseph Arthur Comte de Gobineau ١٨١٦ د) یەکێک بوو لە گەورەترین ڕەگەزبیری ئەو سەردەمەی خۆی و کەس نەبوو شان لە شانی بدات. هیتلەر پاشان بوو بە یەکێک لە لایەنگرانی و سەرئەنجامگەلی سیاسیی لە پێداگرتنەکانی ئەودا هەڵدەهێنجا. گوبیناو لە خێزانێکی ئاسایی زۆر خوار چینی مامناوەندیی لەدایک و گەورە بوو، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوێتە بن ئەو هیرارشی و هەرەمەی خۆی دروستی کردبوو، کە دیارە خۆی وەحشەتی لێی هەبوو، لەو پەڕی هەوڵ دابوو نازناوی "گرێڤە/ ئاغا" هەڵبگرێت.
گوبیناو وەکو هەموو ئەوانی دیکە دەیخوێندەوە، بەڵام ئەم بەتایبەتی ئاشقی "ڕیدەرڕۆمان/ ڕۆمانی سوارچاکان" بوو.
"ڕیدەرڕۆمان" یان بە کوردیی "ڕۆمانی سوارچاکان" ئەو ئەدەبە بوو کە لە ساڵانی سەدەی یازدەوە بڵاو بووبووەوە و لە سەردەمی چاخی ناوەندا بەربڵاوبوو. ئەگەرچی نازناوی ڕۆمانی لێنرابوو بەڵام لە ڕاستییدا گێڕانەوەی دەمی بوون کە پاشان بە شێوەی بەیت دەنووسران. زۆرینەی ئەوانە ئەدەبی لە زارەوە بۆ زاری نەتەوەگەلی جیاواز بوو کە لە ژێر کاریگەریی سەرما و تاریکیی و برسیەتیی ئورووپا و خوێنڕێژیی دەستەڵاتە سیاسییەکانەوە شکڵیان گرتبوو. ئەدەبی سوارچاکان قوژبنێکی خەیاڵ بوو کە مرۆڤی ئورووپایی برسی و ماندوو، پاش ڕۆژگاری درێژی کار، پەنای بۆ دەبردن.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

میگویل دی سێرڤانتێس ساڤێدرا Miguel de Cervantes Saavedra لە ٢٩ سێپتامبەری ساڵی ١٥٤٧ لە کاستیلیانی ئیسپانیا لە دایک بووە. لە ٢٣ ئەپریلی ١٦١٦ دا لە مەدرید مرد. ژیانێکی پڕ چەرمەسەریی بەسەر برد و بۆ کڵێسا وەکو مشکی بندیوارەکانی ناحەز بوو، بەڵام گەورەترین شاکاری جیهانیی لە پاش خۆیەوە بە جێهێشت، ئەویش ڕۆمانی "دۆن کیشۆ Don Quijote" بوو. لەویدا سێرڤانتێس گاڵتە بەو ئەقڵ و بیرە دەکات کە پشت بە جیهانی هەڵبەستراو و خەون و تەڵەکەبازیی دەبەستێت. سێرڤانتێس و شکسپیر هەردووکیان لە یەک ڕۆژدا مردن، واتە مەرگیان دوو سەد ساڵ کەوتە پێش لەدایکبوونی گوبیناو.

ئەگەر گوبیناو بەرهەمەکانی ئەو دوو مرۆڤە مەزنەی بخوێندایەتەوە ڕەنگە بگەیشتایەتە ئەو سەرئەنجامەی کە مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە بێت، هەر گۆشت و خوێنە، و پێویستی بە خۆراک و ئاسودەگیی و خۆشەویشتیی و ئاسایشە. سێرڤانتێس و شکسپیر ٢٠٠ ساڵ پێش گوبیناو لەسەر ئەرد بە دوای چارەسەر بۆ گرفتی مرۆڤ دەگەڕان. گوبیناو ٢٠٠ ساڵ دوای ئەوان شەرمی لە بنەچەی خۆی دەکرد و لە ناو ڕۆمانی سوارچاکاندا بە دوای چارەسەر بۆ مرۆڤ دەگەڕا.

ئەو شەرمە لە خود، لە گوبیناو و هیتلەردا بە ڕوونیی دیارە.

گوبیناو، سەرمەست بە خوێندنەوەی ئەوانەوە کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ لەوەبەر سێرڤانتێس و شکسپیر، دەیانخەنە ڕوو، دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی کە هەرچی شتی باش و جوانە لە ئاریاییەکانەوە هاتوون.

پاشان هەر لەو سەرئەنجامەی خۆیەوە پێ هەڵدەگرێت و پێی وایە ناخۆشترین شت کە لە سرووشتدا ڕوو بدات مەترسی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانە، گوبیناو پێی وایە جیاوازیی ڕەگەزیی وەکوو جیاوازیی چینایەتیە. ئورووپیی: (جنسی) باڵان، زەردپێست: (جنسی) ناوەڕاست و ڕەشپێست: (جنسی) خواروون. لە دەرئەنجامی هەموو سەرئەنجامەکانی خۆیدا بوو بە خاوەنی چەمکی "دەجێنەرەیشن Degeneration". واتە داڕزان/ داوەشان.

گوبیناو پێی وایە کە "ڕەگەزی سپی لە سەرەتادا لە جوانی و ژیری و هێزدا باڵزاڵ بوو. لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جۆرێکی تێکەڵاو دروست بوو کە جوان بوون بەڵام بەهێز نەبوون، کە بەهێزبوون بەڵام ژیر نەبوون، کە ژیربوون بەڵام تابلێی ناحەز و لاواز بوون".

ئەوە بووە هۆی لەدایکبوونی چەمکێکی ترسناکتر لەوەش، واتە چەمکی "دیتەرمینیزمی بایۆلۆژی Biological determinism/ Biologism"، چارەنووسسازیی بایۆلۆژیی. تێزەکە فرە هاسان بوو: ئەگەر بایۆلۆژیی لەو پەڕی سرووشتیبوونی خۆیدا بڕیار بدات، کەواتە بایۆلۆژیی چارەنووسازە. بە واتایەکی دیکە ئەوی لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لاواز بێت خەتای خۆیەتی. گرفتێکی گەورەتر لەوە لەویدا بوو کە گوبیناو و هاوبیرەکانی بوون بڕیاریان دەدا کێ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لاوازە.

گالتۆن (Francis Galton ١٨٢٢ د) شاگردی بیری گوبیانو بوو، گاڵتۆن هەوڵی دەدا بیری گوبیناو بخاتە چوارچێوەیەکی ئەندێشەوە و پرسیارمان لێ دەکات: "منداڵی بەختیار؟ کۆمەڵگا تا دێت خراپتر دەبێت و مرۆڤەکان گەوجتر و گەوجتر. بۆئەوەی کۆتایی بەوە بهێنرێت دەبێت "هاوسەریی گرێبەستی" بهێنرێتە ئاراوە.

بە ڕای گاڵتۆن تەنها هاوشانەکان دەبێت لەگەڵ یەکدا هاوسەریی بکەن، نەک سۆز و خۆشەویستیی و ئەڤین بڕیاردەر بێت. ئەو بیرەی گاڵتۆن هێندە لەسەر دامەزراوەگەلی سەردەمی خۆی کاریگەر بوو کە بووە مایەی پەیدابوونی "بزووتنەوەی لە زاووزێخستن Sterilization/Sterilisering"، واتە خەساندنی پیاوان و گرێدان یان لە کارخستنی هێلکەدانی ژنان. کرۆکی پرسیارەکەی گاڵتۆن ئەوەیە: ئەگەر جۆرێک لە ڕەگەزی بایۆلۆژیی هەبن کە ناحەز و پیس و هیچ لە دەستنەهات و بێ کەڵک بن، بۆچی نێرەکانیان نەخەسێنین و مێینەکانیشیان بێ هێلکە نەکەین؟ ئەو دەم ئەو منداڵە نابەختیارەی ئەم باسی دەکات و بەزەیی پیادا دێتەوە

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

پێویست ناکات لە دایک بێت. گاڵتۆن و هاوبیرانی بۆ ئەوەی مەبەستیان بێت، لە ناوەڕاستیی ئیمانداریاندا، ڕۆڵی خوداوەندیان دەگێڕا.

هێکل (Erich Heckel ١٨٨٣ د) بایۆلۆژێک بوو کە ئاشقی داروین بوو. بە خۆشییەوە بەو شێوە پێچەوانەی خۆی پێی خۆش بوو لە داروین حاڵی بوو. ئەم هەر ترسی لەوە نەبوو کە ڕەگەزەکان تێکەڵ دەبن، بەڵکو لەوەیش کە وردە وردە ڕەگەزە لاواز و بێنرخ و بچووکەکان دەبنە مایەی ڕزان و کرێمبوونی باشەکانیش. ئەو سەرئەنجامەی دەتوانین لەمی هەڵبهێنجێنین ئەوەیە کە تا زووتر خۆمان لە کۆڵ لاواز و بێنرخەکان بکەینەوە، خێرێکی گەورەتر بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی خاوێن دەکەین.

ئەم جۆرە بیرە بواری موزیکیشی پێکابوو.
ڤاخنەر Wilhelm *Richard* Wagner (١٨١٣ د) و گوبین یەکتریان دیتبوو و حەزیان لە ئەقڵی یەک دەکرد.
فاخنەر لە نامیلکەکەیدا سەبارەت بە مرۆڤی جوو و موزیک دەنووسێت کە ئەسڵەن پێی وانییە جوولەکە بتوانن داهێنەری باش بن لە موزیکدا. ئۆپەری "بازنەکان Ringen" ـ ی فاخنەر سەبارەت بە رابەرایەتیکردنی جیهانە و دوا ئۆپەرای "پێرسیفال" سەبارەت بە خوێنی بێخەوشی وەک کریستاڵە. هیتلەر ئاشقی هەموو بەرهەمەکانی بوو، چون پێی وابوو ڤاخنەر زرنگترین کۆمپۆزیتۆرە.
فاخنەر هەروەها پێی وابوو جووەکان پێیان چەماوەیە، واتە پێی قولاپیان هەیە (Club Feet)، و لەبەرئەوە ناتوانن سەما بکەن.
ئەو کاتە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. (کۆتایی سەدەی ١٨) گاریباڵدی ئیتاڵیا ١٨٦٠، و بیسمارک ئەڵمان ١٨٧١ ـ ی کردبوو بە نەتەوە و خاوەن خاک. نەتەوەگەلی ئۆرووپا هەر بەوە ڕازی نەبوون ماڵ و خاکی خۆیان هەبێت، بەڵکو لە کۆنفرانسی ئۆرووپا ساڵی ١٨٨٣ ڕێگایان بە خۆیان دا کە لە ناو خۆیاندا ئەفریقا بەش بکەن. شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) کاری کردبووە سەر ناوخۆی ئۆرووپا، بەڵام خۆ ئەفریقا جیهانی مرۆڤ نەبوو.
سەرئەنجامی هەموو ئەو بێنەوبەرە فەلسەفیانە ئەوەبوو کە سپیپێستەکان جوانن، باڵابەرزن، شیرینن، ئاقڵن، بەکارن، بە کوردیەکەی بەرهەمێکی سرووشتیی سرووشتن: دەتوانن خۆیان و خەڵکی دیکەش بەڕێوە ببەن و ڕەشپێستەکان ناشیرینن، بێ ئەقڵن، تەنها بیر لە خواردن دەکەنەوە، هیچیان پێ نییە و هیچیان لە دەست نایەت. سەرئەنجام: ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن.
لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت پێ دابگرێت کە ئەو فەیلەسوفانە بە ڕاستی مەبەستیان ئەوەبوو زەرەر لە مرۆڤ بدەن. تەنها بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن نەسلی مرۆڤ خاوێنتر و خاوێنتر بکەنەوە. بیریان هەر ئەوەندە ڕێگای پێ دەدان کە بە خەتای خۆیانی نەزانن کە هەندێک ڕەگەز خەریکن دەمرن یان دەبێت بمرن.
کاتێک هیتلەر ساڵی ١٩٣٩ هاتە سەر حوکم لە مێژبوو چاوەڕێی ئەوەبوو هەلێکی سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی بۆ هەڵبکەوێت تا هەموو ئەو سەرئەنجامانە لە پراکتیکدا پیادە بکات. ساڵەهایەک لە بڕووابوون بە ڕەگەزیی خاوێن، هیتلەر لەوە دڵنیا بوو کە بە کۆکوژیی جوولەکە، قەرەجیی، تاتار، کۆمۆنیست و هۆمۆسێکسیۆل و هەموو ئەوانەی دیکە کە نە دەکەوتنە خانەی ڕەگەزیی خاوێنەوە، دەتوانێت بەو ئامانجە بگات. ئەو تاقیکردنەوەیە گیانی زیاتر لە پەنجا ملوین مرۆڤ کەوت و نیوەی دونیا، بەتایبەتی ئۆرووپای ناوەڕاستی، پێوە سووتا.
بە دەیان و سەدان فەیلەسوف، ڕۆشنبیر و نووسەر وەکو فریدریک فاررەر، ئالفرێد رەسل والێس، ویلیام گرێگ، فرانسیس گالتۆن، بێنجامین کید، بێرنارد فۆنتێنێل و تەنانەت جان لۆک کەوتنە بازنەی ئەو بیرەوە.

لە سەردەمی کۆیلەیەتییدا فریدریک دۆگلاس Frederick Douglass ئەو ڕەشپێستە ئامریکاییە بوو کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بوو بە خاڵی وەرچەرخان بۆ تێگەیشتن لە ڕەگەزپەرستیی لە ئەمەریکا. ئەمەریکاییەکان

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

کە لە کۆی کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەتنیکی جیاواز پێکهاتبوون، لە چاو ئەزموونی مێژوودا زوو لە فرێدریک دۆگلاس تێگەیشتن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ئەزموونە تاڵەیش هێشتا ڕەگەزپەرستیی ڕەسمیی دەوڵەتی باشووریی ئەفریقا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە هەتا ساڵی ١٩٩١ درێژەی کێشا.

کارلس مارکس و فرێدریک دۆگلاس هەردووکیان لەدایکبووی ساڵی ١٨١٨. یەکەمیان لە ئەڵمانیا و لە ناوەراستیی بێنەوبەرەی فەلسەفییدا لە دایک بوو و گەورە بوو، و دووهەمیان لە ئەمەریکا لە ناو چەقی خراپترین لە شێوەکانی کۆیلەیەتیدا. مارکس هەرگیز وەکو سۆسیالیستی دیکە لە نموونەی پرۆدۆن Pierre–Joseph Proudhon (١٨٠٩ د)، نەکەوتە هەڵەی ڕەگەزپەرستیەوە، بەڵام لە باسی جودا و بەتایبەتی لە کتێبی "سەبارەت بە پرسی جوو *On The Jewish Question*" کە وەڵامە بە "پرسی جوو - ی برونۆ باوەر Bruno Bauer" و باسێکی تا بڵێی سەرنج ڕاکێش و بە سوودە، دەڵێت: "تا ئەو دەمەی دەوڵەت کریستیانی و جوو- ش جوو بن، نە ئەمیان دەتوانێت سەرفەرازیی بەو بدات و نە ئەمیان دەتوانێت وەری بگرێت". هەروەها دەڵێت "جووەکان هەر بە تەنها نوێنەرایەتی سەرمایەداریی دراو/ پارە ناکەن، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو جۆرەکانی سەرمایە دەکەن".

کارلس مارکس لێرەدا لەسەر جوو وا گشتگیر/ شمولی قسان دەکات، هەروەکو ئەوەی جووەکان تۆپەڵە مرۆڤیکی پێکەوەبەستراو بن و کە نە هەژاریان تێدابێت و نە کرێکار و نە چین و توێژەکانی دیکە. بۆ مارکس نەتەوەی جوولەکە گرووپێکی هۆمۆژن بوو.

باسێکی جالبە کە فرێدریک دۆگلاس نێزیکەی لە هەمانکاتدا، ساڵی ١٨٤٥ کە کارل مارکس لە ساڵی ١٨٤٤ ئەوە دەنووسێت، ئەم لەسەر پرسی خۆی، وەکو ڕەشپێستێکی کۆیلە، بە زمانێکی نەرم کە دڵی نایەت ڕاستەوخۆ کەس تاوانبار بکات، بەسەرهاتی خۆی بە ڕەسمی باس دەکات. بەسەرهاتێک کە بۆنی خوێن و ئێسکی هاڕدراوی لێ دێت.

چەمکی جیاوازیی ڕەگەزیی لە تیئۆریی فەلسەفیی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە لە جیهانی خۆرئاوادا بوو بە چەمکێکی ڕەگەزپەرستیی سیاسیی و لە درێژخایەنیدا بوو بە گەورەترین بیانوو و هۆی سیاسیی بۆ درێژەدان بە سیستەمی کۆلۆنیالیزم. داگیرکردنی ئەوانەی بە کەمتر ئاقڵ و بە ناشیرین و بە ناحەز و بە ناشارستانیی دادەنران بوو بە ئەرکی پیاوانی سپیپێست و دەستەڵاتەکانی ئورووپا.

کیپلینگ، شۆڕەسواری شاعیری کلاسیکی ئینگلیزیی، زەحمەتی زۆری کێشا ئەو پەیامە بە جیهان بگەیەنێت. کۆلۆنیالیزم هەر ڕەهەندێکی ئابووریی نەبوو، بەڵکو هەروەها فەرهەنگیی و کولتووریش بوو. پراکتیک و چەمکی ئیمپریالیزمی کولتوریی لەوێوە سەری هەڵدا. لەو فەرهەنگە سیاسیەدا هیچ جیاوازیەک لە نێوان ڤاخنەری ئەڵمانی و کیپلینگدا بەدی ناکرێت. ئەمیان بە نۆت بەشانوباڵای ڕەگەزپەرستییدا هەڵی دەگوت و ئەویان بە وشە.

هەموو ئەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی کە لە ناو وڵاتانی خۆیاندا ڕێزیان لە مافەکانی مرۆڤ دەگرت و کۆمەڵگای مۆدێرن و بەرابەر و دادوەرییان دادەمەزراند، هاوکات گەلانی دیکەیان، بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە خۆیان، خەڵتانی خوێن دەکرد و وڵاتیان بەسەردا خاپوور دەکردن.

زوو دەرکەوت کە سیستەمی دیموکراتیی مۆدێلێکە بۆ خۆبەڕێوەبردنی ناوخۆیی و پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەگەلی دیکە و دادوەریی جیهانگرەوە/ جیهانشمولەوە نییە. داگیرکار لە خاڵێکی مێژوودا شایەد کەمتر خوێناوی بێت، یان ئەم لەوی دیکە کەمتر زەبروەشێن بێت، بەڵام لە ئەسڵدا هەموویان نێزەی خەنجەرێکن و هیچیان ناتوانن بێ خوێنڕشتن بەردەوام بن.

لە مێژە دەرکەوتووە کە ڕەووشت/ ئەخلاق/ موراڵ کۆڵەکەیەکی ئەسڵی شانازیی و ویژدانی مرۆڤە. هەروەکو چارلس دۆدجسەن لە ڕۆمانی "ئالیس لە سەر زەوی عەجایب Alice in Wonderland" پێمان دەڵێت، هەموو شتێک، ئەگەر بە وردی سەیر بکرێت، ئەخلاقیکی هەیە. کۆلۆنیالیزم و خاوەنەکانی، چیرۆکە مەزنەکان و خاوەنەکانیان، حیزب و ڕێکخراوە و خاوەنەکانیان و ئەوی پێیان دەگوترێت ڕووناکبیر تا دەگاتە تاکەکەسەکان. هەموو خاوەنی ڕەووشتێکن و دەبێت خاوەنی جۆرێک لە موراڵ/ ئەخلاق بن.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەوە بە سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

لە شانۆگەری "کآسک یا وطن" (پێکی تۆ ئەی نیشتیمان) درید اللحام، کە ڕۆڵی پیاوێکی باوک مردوو دەبینێت و بە تەلەفۆن لەگەڵ باوکیدا کە لەمێژە لە گۆڕدایە، دەدوێت. پاش گفوگۆ لەگەڵ باوکیدا دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی کە هەموو شتێکیان هەیە و لە هیچیان کەم نییە. تەنها شتێک کە کەمی تێدا دێنن "شەرەف و کەرامەتە".

کارل مارکس ١٥٠ ساڵ لەوەبەر، پێش ئەوەی "کآسک یا وطن" بنووسرێت کاتێک هەوڵی دەدا فەلسەفە بخاتە خزمەت مرۆڤایەتیەوە حەتمەن زانیویەتی و دەبێت زانیبێتی کە لە مێژوودا زۆر جار لە "ویژدان و ئابڕوو" دا کەم هاتووە، بەڵام پێی وابوو بە گشتیی هێندەی پێویست بکات "ویژدان و ئابڕوو" لە مرۆڤدا هەیە تا ئەوەی پێ ساز بکرێت کە پێی دەگوترێت "کۆمۆنیزم". ئەوی بۆ ئەو بەو مانایە دەهات کە مرۆڤ بگاتە ئاستی خۆناسین و ڕێزلەخۆگرتن، کە هێندەی پێی دەکرێت بە پێی توانا لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێت و هێندەش وەربگرێت کە پێویستێتی. بەڵام لە گەرمەی هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن تێدەگەین مرۆڤ چەند ناسکە و دووچاری چ دژوارییەک دەبێت. باسەکان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بە گشتیی زۆر تەوەری جیاواز دەگرنە خۆیان. لە هەموویاندا "کەمبوودی ویژدان و ئابڕوو" بە ڕوونیی دیارە.

کۆلۆنیالیزم دێوزمەیەک بوو هەر کەمبوودی ویژدان و ئابڕووی نەبوو، بەڵکو بە ڕاستیی بێ ویژدان و بێ ئابڕوو بوو.

لە ماوەیەکی کورتدا سەلمێندرا کە داگیرکار، لە پێوەندیی چەوسێنەر و چەوساوە/ دەستەڵاتدار و بێدەستەڵاتدا، خودایەکی بێهاوتایە و هەموو ئەو توانایە لە خۆی دەگرێت کە بتوانێت نەفرەت لەوی خوار خۆی بکات. هێگل کاتێک لەسەر ئەلیناسیۆن قووڵ دەبووەوە ئەوەی ڕوون کردەوە کە مرۆڤ بە دەستی خۆی خودایەکی دروست کرد و لە پێوەندیی لەگەڵ خۆیدا کردی بە دەستەڵاتداری سەرووی خۆی. مرۆڤەکان بوون بە کۆیلەی شتێک کە خۆیان دروستیان کردبوو. مرۆڤ بەو شێوەیە خۆی خستە دۆخی بەخۆنامۆبوونەوە. لە پرۆسەیەکدا بۆ دووبارە خۆدۆزینەوە و ڕەهابوون، دەبێت خوداوەندەکان بمرێنرێن و کۆتاییان پێ بهێنرێت. کۆلۆنیالیستەکان، بێ لە خۆیان، خودای خۆیشیان بەسەر نەتەوەگەلی بندەستدا سەپاندووە و دەسەپێنن. بۆ ئەوەی لە خۆیان و خوداکانیان و پێشقەزاوات و سەرئەنجامەکانیان ڕزگاریی وەدەست بێت، دەبێت کۆلۆنیالیستەکان لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکرێن.

## سیاسەت وەک ئامێری بەڕێوەبردن

بیری لیبرلیی یەکێک لەو بیرە ئادیخوازانە بوو کە هەم لە پشتگیریکردنی مافی ژنان و هەم دژ بە کۆیلەیەتیی چالاک بوو، و هەروەها دژ بە جۆرەکانی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستیی بوو کە لەسەربناخەی ڕەنگی پێست دەکردران. ناکرێت چاوپۆشیی لە ڕۆڵی فرە گرینگی لیبرالیزم لە دامەزراندنی حکومەتی یاسا و پاشان بەرقەراکردن و بەردەوامکردنیدا، سەرەڕای هەموو خەوشێکی، بکرێت. بەڵام هەرگیز نەیتوانی هەمان تیئۆری بۆ ڕەگەزپەرستیی نادیار، واتە کاتێک کە ڕەنگی پێشێست لە ئارادا نەبێت، پێش بخات.

کۆمۆنیزمیش لە ڕووی تیئۆرییەوە زۆر پێ لەسەر مافی ژنان و نەتەوەکان و هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستیی دادەگرێت. بەڵام نەک هەر لە جۆرێک لە سۆسیالیزمی سەردەمێک تاقیکراوەی دەوڵەتییدا، بەڵکو لە ڕووی تیئۆرییشەوە ئەو پرسانە لە ڕاستییدا دەبن و دەکردرێن بە قوربانی چارەسەری کێشە چینایەتیەکان. لەوێدا هەموو پرسێکی بچووک و گەورە پاشان لە ڕۆژی خۆیدا لە ناوەڕاستی پیرۆزبوونی کۆمۆنیزم و هاتنەسەرکاری کرێکاراندا، ئۆتۆماتیک چارەسەر دەکردرێن. مرۆڤ وەک تاکەکەس دەکردرێت بە قوربانی کۆمەڵگا. کۆمەڵگاش لەوێدا ئەوەیە کە هاوبیر و هاوڕێگا و هاوچارەنووس وەک تۆپەڵەقوڕێکی خۆشەکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکردرێت، واتە بوونێکی هۆمۆژن. لەو تۆپەڵەقوڕە خۆشەکراوەدا ڕەگەزپەرستیی یەکێکە لەو نەخۆشیانەی ئیتر لە مرۆڤی کۆمۆنیستدا، جۆشکراو بە کۆمەڵگاکەیەوە، دەرمان دەکرێت.

کۆنسەرڤاتیزم لە مانای دروستی خۆیدا بە واتای "کۆنەپارێزیی" دێت. ساختاری کۆنەپارێزیی هەمیشە سیستەمی پاشایەتیی/ ئاغایەتیی و دەرەبەگایەتی، کڵێسا/ مزگەوت/ پەرستگا، خێزان و هێترۆسێکسوالیتی

16 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

و پرۆتۆکشونیزم (خۆپارێزیی ئابووریی ناسیونالیستیانە) دەپارێزێت و لەوێدا پرسێک سەبارەت بە مافی ژنان و مافی کۆیلە و نەزمی ڕەگەزپەرستیی، جێگای تێدا نابێتەوە. ئەگەرچی نوێنەرانی ئەو بیرە ئیدی وا نەماون کە بەتایبەتی دیفاع لە نەزمی ڕەگەزپەرستیی و شێوەکانی دیکەی هەڵاواردن بە مافی مرۆڤ بکەن.
لە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتییدا، هەر لە سەردەمی کارل مارکسەوە، خەباتێکی بێووچان دژ بە چەوساندنەوەی ژنان، کرێکاران، هەژاران و نەزمە جوداکانی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستی دەبینین. بەڵام هاوکات سۆسیالدیموکراتیی وەکو پارتیگەلی خۆرئاوایی دووچاری چاوپۆشیی لە نەزمی ڕەگەزپەرستیی هاتوون، بۆ نموونە تا درەنگنێک لە باشووری ئەفریقا و ئێستایش لە کوردستان، و هەروەها دووچاری تێڕووانینی ناسیونالیستانە هاتوون لە شێوەی خۆوەدوورگرتن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانێک کە چەوساندنەوەی نەتەوەییان تێدایە و تێدا هەبووە، ئەویش لە ژێر ناوی "دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان".
کەواتە لە ناو ئەو ئایدیۆلۆژیانەیشدا کە لە رووی تیئۆریەوە بێدەربایسیی هەموو ئەو نەزمە نامرۆڤیانە ڕەت دەکەنەوە و لە پراکتیکیشدا کاری بۆ دەکەن، هەر کێشەی زۆر لە پراکتیکی سیاسییدا دەبینین و نەخوازیارییەک لە ئامادەکردنی میکانیزمی پێویست بۆ دەستنیشانکردن و پاشان هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە دەبینین. کۆنسەرڤاتیزم خوویەکی سیاسییە کە جێی خۆی لە زۆرینەی ئایدیۆلۆژیەکاندا کردووەتەوە. سوننەتییبوون نەخۆشیەکی کۆنسەرڤاتیڤیانەی مندالانەیە کە دووچاری نیزیکەی هەموو ئایدیۆلۆژیەکان و ئایینەکان دێت، هەندێک جار خودنائاگا.
بەو شێوەیە دەبینین کە خۆ ڕزگارکردن لە بیری پۆلیگینیزم Polygenism کارێکی هاسان نییە. بەتایبەتی لەبەرئەوەی ساختمانی بیری مۆدێرنیتەی ئێمەمانان کە بانگەشەی مرۆڤایەتیەکی گێتیگرانە دەکەین دروست لەسەر ئەو کۆڵەکانەی سەردەمی ڕۆشنگەریی دامەزراوە کە پۆلیگینیزم بەشێکێتی.

لە پێشینەی ئەم باسەدایە کە تێڕووانینێک لە دۆخی کوردستان وەک خاکێکی داگیرکراو/ کۆڵنیکراو و وەکو قوربانیەکی ڕەگەزپەرستیی جێی سەرنجە.

## کوردستان، کۆلۆنیێکی ڕانگەیەندراو

ئەو کورتە باسەی سەرەوە کە جێگای باس و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیەکی زۆرە، کەنالێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای کوردستان. لە کوردستان هەر لە جۆری مامەڵەی کۆیلەییانەوە هەتا شێوەکانی هەڵاواردن، کوشتن و برین و بەکۆمەڵکوشتن هەبووە و هەر ئێستایش هەیە.
ئیسمایل بێشکچی مرۆڤێکی تورکە و ٣٨ کتێبی لەسەر دۆخی کورد و کوردستان نووسیوە. لەسەر ئەو کارەی تێکڕا ١٧ ساڵ زیندانی بردووەتە سەر و بە هۆی تەمەن و نەخۆشین و فشاری سیاسیی و چاوەدێریی ئورووپاوە حکومەتی تورک نافەرمی زیندانیکردنەکەی وەستاندووە کە نێزیکەی ٢٠٠ ساڵە و سزای پارە کە هاتووەتە سەری ڕەنگە بگاتە یەک ملوێن دۆلار. پێش ساڵی ١٩٩٠ ئیسمایل بێشکچی چەندین کتێبی لەسەر دۆخی کوردستان نووسیبوو. ساڵی ١٩٩٠ ئیسمایل بێشکچی کتێبێکی دیکەی لەسەر دۆخی کوردستان نووسی کە لە ڕووی لێکدانەوەی سیاسییەوە بوو بە خاڵی بادانەوە.
ئەو کتێبە بە تورکی Devletlerarasi Sömürge Kürdistan، واتە "کوردستان: کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیی" کە پاشان، ئەڵبەت هەر هەمووی نا، وەرگێڕدرا بۆ ئینگلیزی و دووایش بۆ کوردیی (ڕێبوار ڕەشید ١٩٩٢) و بۆ فارسیی (عەبدوڵا بابان ١٩٩٦) و هەروەها وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبییش.
لەوێدا بێشکچی ڕوونیی دەکاتەوە کە چۆن پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و (سووریا پاش ١٩٤٧) دروستبوونی ئەو دەوڵەتە نوێیانە کوردستان بە ڕەسمیی دابەش کرا و ئەو دەوڵەتانە لە ناوخۆیاندا سیاسەتی هاوکاریکردن و دیپلۆماسیی نەرم و لەیەکتێگەیشتنیان پیادە کرد و ئێستایش بەردەوامە.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بە وە بە سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

بێشکچی سۆسیۆلۆژ لە دیدێکی مارکسیست لێنینیستیەوە دەڕووانێتە دۆخی کوردستان و لەوێدا بۆ یەکەم جار ئەو باسی ڕەگەزپەرستیی دژ بە کورد دەکات. بەو شێوەیە بێشکچی یەکێکە لەو ژمارە فرە دەگمەنانەی لە دیدێکی مارکسی لێنینیستیەوە خوێندنەوەیەکی نوێی لەسەر دۆخی کوردستان سەبارەت بە داگیرکراویی و کۆلینیزەبوونی هەیە.

دەنا ڕێچکەی ناگەیو و کەم سەوادی مارکسیست لێنینیست لە ناو نەتەوەی کورددا هەمیشە بە گشتیی دیدێکی وابەستە و پاندەوڵەتیی و دێیتێرمێنیستی، واتە بە چارەنووس زانینی دۆخی بندەستیی، هەبووە، و لە نەتەوەی سەردەستیشدا هەمیشە دیدێکی ڕەگەزپەرستانە و "براگەورە" ی هەبووە.

لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا خوێنەر لە نرخی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گۆڕانی دروشمی "کوردستان یان نەمان" ـ ی بزووتنەوەی ئەیلوول بۆ "باشووری کوردستان و ئۆتۆنۆمی" و لە خوێندا گەوزاندنی ٢٧ بزووتنەوەی "ناوچەیی/ کوردستنایی" لە باکووری وڵات حاڵیی دەبێت. یەکێک لەو سەرئەنجامانەی دەتوانین پێی بگەین ئەوەیە کە کورد نەیتووانیووە دۆخی ئەو ڕەگەزپەرستیی و سیستەمی کۆلۆنیالییە ڕوون و شی بکاتەوە کە دووچاری بووە.

ئەڵبەت ناگەیوی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کورد وا کە نەیتووانیوە لە ڕووی ئیدیۆلۆژییەوە سەقامگیر و ئامانجدیار بێت بووە بە هۆی ئەوەی کە نەشتوانێت سوود لە جۆرەکانی دیکەی ئیدیۆلۆژیی بۆ مەبەستی لێکدانەوە و شیرۆڤەی ئەو دۆخە، بۆ نموونە لە دیدی جۆرەکانی لیبرالیزم و کۆنسەرڤاتیزم، وەربگرێت.

لەوەیش ترسناکتر ئەویە کە ئەو بایەی سەردەمانێک ڕۆناڵد ڕیگن وەکو دۆکتۆرینێکی خۆی سەبارەت بە مردنی ئایدیۆلۆژیەکلن بڵاوی دەکردەوە، لە ناو کوردەکاندا نێزیکەی سەرتاپای ئەوانەی گرتووەتەوە کە لە زمانی سوننەتییدا بە "حیزب" بانگ دەکرێن. زۆرێک لەوانە پێیان وایە هەر زۆر زرینگن کاتێک کە "نائایدیۆلۆژبوونی" خۆیان ڕادەگەیەنن و بانگەشەی "سیاسیبوون" دەکەن.

ئەوانە نازانن کە هیچ سیاسەتێک دەر لە هەبوونی خەتی ئیدیۆلۆژیی ناتوانێت هەبێت.

شایانی تێبینی و جێی باسە کە ئەو بزووتنەوە ناگەیو و ناتەواوە لیبرالیەی کە ئێستا لە ناو کورددا وردە وردە پەیدا دەبێت و لە گەلێک قەیراندایە، بەتایبەتی قەیرانی نەتوانینی خۆپێناسەکردن، لە جیاتی سەربەخۆخواز و ڕیفەراندۆمخواز بێت و لە دۆخی کۆلۆنیالیزەی کوردستانەوە پێ هەڵبگرێت، بە پێچەوانەوە ناوەندگیر و وابەستە بە ناوەندە و تەنانەت ناوێرێت بە ڕاشکاویی خۆی لە باسی مافی هاووڵاتیبوونیش بدات.

کەواتە لەم سۆنگەیەوە دەتوانین لە نرخی ڕووانگەی بێشکچی سەبارەت بە دۆخی کۆلۆنیزەی کوردستان و تێگەیشتن لەو ڕەگەزپەرستییە بگەیرێت.

پاش لەباربردنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە گشتیی پاش کۆتاییهاتن بە ئەزموونی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە سەرانسەری کوردستاندا ڕێچکەیەکی سیاسیی ناوەندوابەستە پەیدا دەبێت و هەندێک دروشم و چەمک پەیدا دەبن کە سەرنجی ڕووناکبیرانی کورد لە "کۆلۆنیالیزم/ داگیرکەریی" و "ڕەگەزپەرستیی نەتەوەی سەردەست" دەگوێزنەوە بۆ شێوەیەک لە خەبات کە تەسلیم بە هۆمۆژنی نەتەوەی سەردەست دەبێت، وەکو قبوڵکردن کە کورد وەکو نەتەوە بەشێکە لەو سنوورە دەوڵەتیەی کە هەیە، پەسەندکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست بە زمانی ڕەسمی، پەسەندکردنی سیستەمی بە ناوەندکردنی دەستەڵات، پەسەندکردنی خۆپێناسەکردن/ کوردپێناسەکردن وەکو "کەنار" و بڵندکردنی چەمکی "برایەتی" لە پێوەندی نەتەوەی سەردەست و خۆی دا، و هتاد.

لە ساڵانی پەنجاکانەوە ئێمە دەبینین کە چەمکی "برایەتی" لە بزوووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا بوو بە پرنسیپی سەرەکیی. "برا" دەخرێتە فەرهەنگی سیاسییەوە و پێناسەیەک کە بناخەیەکی خوێنینی هەیە و کە ساختارێکی سیاسیی خێڵەکایەتی هەیە دەکرێت بە پێناسەی سیاسیی بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندیەک و نەزمێکی سیاسیی لە نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەستدا.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

نەتەوەی بندەست برا بچکۆلەی نەتەوەی سەردەستە و لەبەرئەوەیش لە هەرەمی خێڵەکایەتی خوێنینیدا بە پلیکانەیەک یان بە چەندین پلیکانە دەکەوێتە خوار ئاستی نەتەوەی سەردەستەوە.
کورد خۆی لە ماڵی خۆی دا نەزمێکی کۆیلەیەتی دەسەلمێنێت.
کورد بچووکترە، لەبەرئەوە دەشێت و دەبێت مافگەلی کەمتری هەبێت.
برای گەورە، ئەوی لە کوردیدا پێی دەگوترێت "کاک"، تەمەنی هەرزەیی بڕیوە و جێی بابی گرتووەتەوە.
برای گەورە دەستەڵاتداری ناو ماڵ و نوێنەری ڕووبەدەرەوەی خانەوادەیە. ئەوە مافێکە نووسراوە و نەنووسراوەیشە.
ئەو برابچووکانەی/کوردانەی ئەو بچووکییە قبوڵ ناکەن، لە نەزمەکەدا ماڵ/وڵات تێکدەر و شێوێنەرن و دەبێت وەلابنرێن.
لەو نەزمەدا زۆر ئاساییە ئەوانە لە ناوببردرێن کە ناتوانن خۆ لەگەڵ "شارستانیەکەدا" بگونجێنن. ئەوانەی باس لە زمانی "محەلی" خۆیان دەکەن، کە حاڵی نابن گۆرانیبێژیان "لۆتی" و کە جلوبەرگیان "گوندیانەیە" وا مۆر دەکردرێن کە ناتوانن و نایانەوێت لە شارستانیەکی نوێی و مۆدێرندا بەشدار بن.
ئەوە مشتێکە لە خەرمانی ئەو نەزمەی کە هەر ئێستا لە کوردستان برەودارە.
ئایا لە ڕاستیدا زەمینە بۆ ئەو "برایەتیە" چەند بوو کە لایەنی سەرەکیی لە بزووتنەوەی کورددا دەستیان بە پێڕەوکردنی کرد، و ئایا سەرئەنجامی پێڕەوکردنی ئەو پرنسیپە خەڵکی کوردی گەیاندە کامە دەستکەوت؟
ئایا ئەو چەمکی برایەتییە چەندە نوخبەگەلی دەستەڵات و سیاسیی و کولتوریی نەتەوەی سەردەستی لە پرسی کورد تێگەیاندووە؟ ئایا نەبوونی دەستکەوت، یان ڕاستتر ئەو کارەساتە زۆر گەورانەی تووشی خەڵکی کوردستان هاتوون، کێشەی میتۆدیین یان تیئۆریی؟
گرفتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە لک و شاخەیان زۆر لێدەبێتەوە و پێویستیش ناکات هەر ئێستا لێرەدا وەڵامیان بدرێتەوە. بەڵام دەکرێت بە شێوەیەک سەرنجیان بدرێتێ و وەڵامێکی کورت بدرێنەوە.

خاڵی سەرەکیی بزووتنەوەگەلی نەتەوەکانی جیهان هەمیشە داواکردنی سەربەستیی و ڕزگاریی سەرانسەریی لە دەستەڵاتی بێگانە بووە. شەڕی جوولەکەکان دژ بە ڕۆم کە ڕەنگە یەکێک بێت لە کۆنترین خەباتی نەتەوەیی لە فۆرمی ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی ڕۆمدا، تەنانەت لە سەر ئاستی نزمیش، نموونەیەکە لە سەردەمی کۆن.
پرسیاری وەکو "کامە پرنسیپگەل لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا جێیان خاڵییە؟" دەبێت برەودار بن و بە بەردەوامی بکرێن.
لە ئەدەبی خەباتکارانی سونەتیی ئازادیخوازیی کوردستاندا نە داگیرکار و نە داگیرکاریی هەبوونیی نییە. ئەڵبەت لەو مانایەدا نا کە لە ئەدەبیاتی سیاسییدا وشەی "داگیرکار" بەکار نەهێنراوە، نا. وشەی "داگیرکار" بەکار بردراوە و ڕۆژانەش لەسەر تەلەڤیزیۆنی یەک دوو حیزب لێرەولەوێ دووپات دەکردرێتەوە، بەڵام لەو پێوەندیەدا کە بەکارهێنراوە نە لە چەمکەکەدا قووڵ بوونەوە هەیە، نە تێگەیشتن لە چەمکەکە هەیە و نە پابەندبوون بەو پرینسیپانەوە هەیە کە ئەو چەمکەی بە پێوەی ڕا گرتووە.
واتا "داگیرکار" و "داگیرکەریی" و "داگیرکراویی" بارگەی سیاسیی تێدا نەهێڵراوە و ئیدی خەتەری ئەوە هەیە کە وشەکان بێ مانا بمێننەوە. ئەو وشانە نێزیکەی وەکو "ژن نیوەی کۆمەڵە" ـ ی لێهاتووە، کە مرۆڤ ئیدی گومان دەکات ژنان چارەکێکی کۆمەڵیش بن، چونکە نە بە فیزیکیی لە دەرەوە دیارن و نە لە ماڵیشدا کاریان دەبینرێت.
لە درێژخایاندا لە ئەدەبی سوننەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستاندا، کوردستان پارچە خاکێکە وا حیسابی لەگەڵدا دەکردرێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی زەمینەوە بەشێکی سرووشتیی و [خوداکردی] ئەو قاڕانە بووە کە لە جوگرافیای سیاسییدا بە ئێران، ئێراق، تورکیا و سووریا ناو براون. ساڵانی پاش جەنگی جیهانیی یەک و دوو مانایەکی سیاسییان نەماوە. دابەشکردنە ئیستیعماریی و ئیشغاڵکەریەکان

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

مانایەکیان نەماوە. کوردستان ناکەوێتە ناو هیچ هاوکێشەیەکی سیاسیی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی جیهانییەوە.

مرۆڤی ڕەگەزپەرستی تورک و فارس و عەرەب لە درێژەی ئەو پەروەردە دەوڵەتییە ناسیونالیستیەدا بە ڕاستی پێیان وایە نەخشەی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا هەن نیشانە و خاڵی سەر جەستەی بابیانە. لەو پێوەندیەدا کورد هەن و کەمیش نیین ئەو کوردانەی کە خۆیان مازووو کردووە کە ئەوەیان بۆ بسەلمێنن. بەو شێوەیە زۆرینەی ئەکتەرەکانی خەباتی سوننەتیی لە پێوەندیەکی "کۆیلە/خودا" دا ئیدی تەسلیم بەو هێز و دەستەڵاتە بوون و ڕێگایان بە خۆیان نەداوە بیخەنە ژێر پرسیار و لە هەموو کەسێکیش تووڕە و گاردگیر بوون کە ئەو پرسیارەی کردبێت یان ویستبێتی بیکات.
ئەوجا لە ناو چوارچێوەی هەبوون و داواکاریەکانی نەتەوەی سەردەست/ داگیرکاردا دەیانەوێت پارچەیەک لەو بەهەشتەیان دەست بکەویت کە هەرماڵی "ئەو/ خودا/ داگیرکار" بووە و بە ماڵی ئەو دەمێنێتەوە و هەر کات بیەوێت لە "عەبدی" خۆی دەستێنێتەوە. لە مێژووی ڕەگەزپەرستییدا ناکرێت نەفرەتی باوکایەتی نوح لە هەمی کوڕی لە یاد بچێت. ئەوە پرینسیپی سەرەکیی سزای یاخیبوونە بەرانبەر بە سەردەست.

لە ئاستێکی مایکرۆدا نموونەیەک ئەوەیە کە عەبدێکی خودا سەرەڕای گوێڕایەڵیی و وەفاداریی و نوێژ و ڕۆژوو و هەڵسوکەوت لەو چوارچێوەیەدا، دیسان هەر تووشی نەهامەتی و نەداریی و دەردەسەریی دەبێت و بە هیوای بەهەشتی بەڵێن پێدراوەوە خوداخودایەتی زوو گیانی بسپێرێت. لە ئاستی ماکرۆدا، نموونەکە ئەوەیە کە لەگەڵ بەجیهێشتنی سوپایەک لە مەیت بە دوای خۆدا، وڵاتێکی خاپوور و نەتەوەیەکی بەکۆیلەکراو، هێشتا حیزب هەن تەپڵی شادومانیی سەبارەت بە هەبوونی هیوایەک بۆ وەرگرتنی کلیلێک، لە فۆرمی خودموختاری و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و ٨ خاڵ و ١٤ خاڵدا، بۆ ئەو بەهەشتە، هەر دەکوتن.

کەم نین بڵندگۆیانی خەباتی سونەتیی کە هاوار دەکەن هەڵگرتنی بەردی زل نیشانەی نەهاویشتنێتی. ئەوانە شایەد نازانن هەموو کەس دەزانێت کە خۆیان دوو بەردی وردیشیان فڕێ نەداوە. ئەگەر تێکدانی نەزمی داگیرکەریی بە هاویشتنی بەردی گەورە چارەسەر نەکرێت، ئەوە پرسیارێکە حەتمەن دەتوانرێت قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام خۆ دەبێت کۆمەڵێک وردەبەردی بۆ بهاوێژرێت؟
بەو شێوەیە پێوەندی نێوان "عەبد/ خودا" یەکێکە لە خاڵە لاوەزەکانی خەباتی سوننەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان کە لە شێوەی ستروکتوری خێڵەکایەتیی، ئاغایەتیی، تاکپەرستیی، باوکسالاریی و پیاوسالارییدا برەوی هەبووە و هەیە.
سیاسەت لە دەرووازەی وڵاتی داگیرکەرەوە هاتە ناو کوردستان. کوردەکان لە سەوادی خوێندنەوەی گشتیی و سیاسەتدا لە داوە بوون و لە دوادا هێڵرانەوە. بەو شێوەیە سیاسەت لە ناو مزگەوت و لە سەر میحرابی مزگەوتەکان و لە تەکیەکان و لە ناو دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکاندا بە ناو کوردستاندا بڵاو بووەوە. هەر ئێستایش منداڵان و نەوەی سەید و شێخ و ئاغاکان لە جۆراوجۆری حیزبگەل و سیاسەتەکاندا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن. بە دەگمەن کوڕ و کچی هەژار و کرێکار و جینی مامناوەندیی دەبینیت کە پۆستی کلیلیی هەبێت. کاتێکیش لێرەولەوێ دووان و سیان دەبینین تیاتەری بووکەباغە دەهێننەوە یاد.
لە دۆخی وادا پێناسەکردنی نەتەوەی بندەست و مافەکانی هاسان نییە.

ئاندرەی ڕووسین Andre Roussin لە چیرۆکی "سیان لە دوورگەیەکدا" باس لە دوو پیاو و ژنێک دەکات کە تووشی بەلەم شکستی دێن و ناچار دەبن لە دوورگەیەکدا بمێننەوە. یەکێک لە پیاوەکان کە خۆی کەوشەکانی لەدەست داوە زوو زوو کەوشی پیاوەکەی دیکە لە پێ دەکات. خاوەن کەوشەکەیش دێت و کەوشەکانی خۆی لێی دەستێنێتەوە. ئەمیش کە بردوویەتی پێی دەڵێت بەڵام سەرەی منە لە پێیان بکەم.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەڕ نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

پیاوی خاوەن کەوش تووڕە دەبێت و بە هاوڕێکەی دەڵێت "شتێک نییە ناوی سەرەی تۆ بێت، ئەمانە کەوشی منن، ەی خۆمن".
ئورووپییەکان، پشت بەستوو بە کولتورێکی پڕ بەرژەوەندیی و بالانسی سیاسیی، زوو تێگەیشتن کە پێوەندیەکی ڕوون لە نێوان هی خۆ نەبوون و قەرزکردن و بۆخۆبردن دا هەیە. ئاندرەی ڕووسین بە چەند وشەیەک ئەو پێوەندیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.
ڕۆشنبیرانی ئازادیخواز و سەربەخۆیخوازی کوردستانیی دەبێت خۆ خەریکی ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییە بکەن.

## کوردستان

لێکدابڕانی کوردستان وەک خاکێکی پێکەوە بوو هەرگیز پێش شەڕی چاڵدران (Çaldıran) ۲۳/۸/۱۵۱٤ دا، نەبووە. شەڕی ئەمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی هەمیشە لە دەرەوەی خاکی نەتەوەیی خۆیاندا دەکودرا.
تورکەکان ئەو کاتە چوارسەد ساڵێک بوو هاتبوونە ناوچەکە و لە چاو کورد و ئەرمەنیی و ئاسوورییدا لە میوان دەچوون.
تورکەکان بە سواری ئەسپ و ئازووخەی شەڕەوە هاتنە ناوچەکە. یەکێک لە چەکەکانیان تیروکەوان بوو کە دەگوترێت چەند سەد متر بڕی کردووە، لە بەراووردی خەنجەر و کوشتاردا کە کورد هەیبووە و کە لەو پەڕیدا ٤۰ سم تا ٥۰ سم درێژبووە، باسێکە دەبێت ئەو ڕۆشنبیرانە بیکەنەوە کە لە مێژووی شەڕ و تاکتیکی شەڕ دەزانن.
سڤێن لیندکڤیست لە شەڕی پروسیی و ئوتروشیەکاندا باسی چەکی نوێی داهێنراو دەکات. پروسیەکان تفەنگی درەی دروست دەکەن کە بە ڕاکشانەوە ۷ گوللەی تەقاندووە، لە بەراووردی ئوتریشیەکاندا کە تفەنگێکیان هەبوو بۆ هەمان ماوە یەک گوللەیان بۆ دەتەقێندراو و بە پێوە دەبا بیانکردایە.
سڤێن لیندکڤیست دەڵێت ساڵی ۱۸٦٦ دەزانرا کامیان دەیباتەوە.
کۆمەڵێک فاکتەری جیاواز تورکەکانی کرد بە هێزێکی حیساب بۆکراو. تورکەکان لە ناو جەرگەی خاکی کورد و نەتەوەی دیکەدا لەسەر بەرژەوەندیی خۆیان شەڕیان دەکرد. تورک و فارس لە مێژووی خۆیاندا هەر یەکەیان بە شێوەیەک شەڕی خۆیان لە شێوەی سەفەوی و عوسمانیدا باس دەکات. هەرچۆنییەک بێت ئەو دوو لایەنە لە ڕێککەوتننامەی ئاماسیا (Amasya) ساڵی ۱٥٥٥ کۆتاییان بە شەڕی خۆیان هێنا. شایانی باسە لەو دەمەوە شەڕی جیددی نەکەوتووەتەوە نێوان فارس و تورک.
ئەو ڕێککەوتننامەیە زیاتر پێوەندی بە کوردەوە هەیە، وەک لە فارس و تورک، چونکە ڕێککەوتننامەیەکە لەسەر ئەو سنوورەی کە لە ڕاستییدا کوردستانە.
لە نێوان ڕێککەوتننامەی ئاماسیا و جەنگی جیهانیی یەکدا ڕووداو زۆرن کە نێزیکەی هەموویان لە کەڵکی کورد نەبوون. نەتەوەکانی وەکو کورد، ئەرمەنیی و ئاسووریی، کە نەتەوەگەلی ڕەسەنی ناوچەکەن، زیاتر و زیاتر تاویان بۆ هات. کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی گەورە لە جیهاندا ڕوویدا و دەیان دەوڵەتی نوێ دروست بوون.
تورکەکان لە ۲۰/۱/۱۹۲۱ دا بوون بە خاوەنی کۆماری خۆیان، "تورکیەت"، و عەرەبەکان لە لە ۳/۱۰/۱۹۳۲ بوون بە خاوەنی ئێراق، فارسەکان ئێرانیان وەکو خۆی بۆ مایەوە کە گۆڕانێکی زۆر تایبەتی لە سنووریدا ڕووی نەدا، و سووریا کە لە ۱۷/٤/۱۹٤٦ دروست بوو.
کەواتە دابەشکردنی کوردستان لەم فۆرمەی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ۱٥۱٤ و ۱۹٤۷ زایینی.

ئیسمایل بێشکچی باس دەکات کە سەرئەنجامێکی سرووشتیی شێوەی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە دەبا ئەوە بووایە کە دژ بە یەک لەسەر کوردستان شەڕ بکەن تاوەکو کوردستان تەنها دەست یەکێکیان بکەوێت، بەڵام ئەو دەوڵەتانە زوو تێگەیشتن کە ئەو شەڕە لە قازانجی درێژخایانیاندا نابێت و بگرە ڕەنگە بە قازانجی

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

کوردەکان بکەویتەوە. بەو شێوەیە لە ساڵی ١٩٢٥ ـ ەوە هەموو دۆکۆمێنت و ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە ئەو سێ دەوڵەتە و پاشان سووریاش، هەر چواریان، هاوپشتیی و هاوکاریی یەکتریان بۆ هێشتنەوەی کوردستان لە ژێر دەستی خۆیاندا کردووە و دەکەن.

هاوکات دەتوانین بڵێین کە مێژووی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە مێژووی پەیدابوونی ڕەگەزپەرستییە دژ بە خەڵکی کوردستان. فارس و تورک و عەرەب وەک نەتەوەگەلی سەردەست جیا لە بەرپاکردنی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و دڕندانە دژ بە سەراپا خەڵکی کوردستان. سیاسەتی کۆچپێکردن، ڕاگوێزان، و بێکارکردن و برسییکردن، نەخوێندەوارکردن و هێشتنەوەیان لە دەرەوەی سیستەمی بێهداشت و خزمەتگوزاری تەندروستییدا ئەنجام دراوە تا خەڵکی کوردستان لە بێتواناییدا بژین و لە دواکەوتوویی و پاشکەوتندا نەتوانن وەڵام بە پێویستیەکانی خۆیان بدەنەوە.

سیاسەتی بێکارکردن و برسییکردن، بێگومان لەگەڵ گوشاری سیاسیی، تا دانیشتووانی کوردستان دڵخوازانە خاک و زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە پایتەختەکان و شارە گەورەکانی دیکەی ئەو وڵاتانە. ئەم سیاسەتە لە ئاستێکی وا دژواردا پیادە کراوە کە نێزیکەی هێندەی هەموو دانیشتووانی باشووری کوردستان، کوردی پایتەختنشین پەیدابوون، کە هەم لە زێدی خۆیان دابڕاون و هەم هەمیشە چاوی دەوڵەتیان بە وردیی لەسەرە.

ئەو دەوڵەتانە سیاسەتی قەدەخەکردن یان بە نارەسمیی قەدەخکردنیان لەسەر زمان، کولتور، فەرهەنگ، جلوبەرگ، مێژوو و هاتوچوو داناوە تا خەڵکی کوردستان نەتوانن هیچ ئامرازێکیان بۆ کاری پێشکەوتن لەبەردەستدا بێت و نەتوانن خۆیان دەرببڕن و دووچاری قەیرانی خۆنەناسین و باوەڕ بەخۆنەبوون ببن.

لە کوردستان ئینفراستروکتور لە ئاستێکدایە کە دەتوانین بڵێین تەنها بۆ کاروباری سەربازیی و دەرهێنانی زێدەبای فشارە لە ناو دڵی خەڵکی کوردستاندا تا نەگەنە ئاستی تەقینەوە. هەمیشە ویستراوە کوردان نەتوانن بە هاسانیی لە ناو یەکتردا بێن و بڕۆن و پێوەندییان هەبێت تا لە بەرەو نەتەوەبوون وەدوور بخرێن و ڕێگایان ڕووەو بە نەتەوەبوون لێ درێژتر بکرێتەوە.

لە کوردستان پیشەسازیی جیددی هەر نییە یان لە ئاستێکی وادایە کە لەبەر وابەستەیی و گۆشەگیرکردن ناکرێت بە پیشەسازیی جیددی دابنرێت.

هەموو ئەمانە بە پێی پلانی دارێژراو و سیاسەتی خودئاگا بەڕێوە دەچن. دەوڵەت و ئەکتەرگەلی سیاسیی و نوخبەی ڕۆشنبیر و خوێندکارانی زانکۆکان و بنکە بازرگانییەکان لە نەتەوەی سەردەستدا لەم هەڵاواردنە هەمەلایەنە و لەم ڕەگەزپەرستییە بەئاگان، چونکە لە ئاستێکدایە کە ناشاردرێتەوە. ئاستەکە وایە کە تەنانەت خوێندکارانی پلەکانی ئامادەیی و سەربازانی خزمەتی سالانە دەبێت لێی حالی ببن.

دەوڵەت بە ڕەسمیی یان نارەسمیی نکۆڵی لە هەبوونی کورد و ناسنامەی نەتەوایەتیی و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیبوونیشی (=شارۆمەندیشیی) دەکات.

لە خوێندنەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی جیهانی کۆلۆنیالیزمدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ڕەگەزپەرستییە لەسەر پرینسیپی "جیاوازبینین" دارێژرا بوو. ئەوی کە بە کەمتر ئەقڵ و کەمتر جوان و کەمتر بەڕەووشت دادەنرا، بۆی نەبوو هاوخوێندنگا و هاوگەڕەک و هاوشار بێت و لەبەرئەوە بە هاوئاستی هاووڵاتیی دانەدەنرا و نەدەبا هەمان ئەو مافانەی بەرابەر پێ بدرایە کە نەتەوەی سەردەست پێیان شاد بوو.

ڕەگەزپەرستیی لە کوردستان بە تەواوی جیاوازە و لەسەر بناخەی نکۆڵیکردن لە "هەبوون" دامەزراوە. سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی داگیرکەر پێ دادەگرێت و وا بەرخورد دەکات کە کورد نییە. هەر شتێکیش کە نەبێت نە مافی پێویستە و نە ئەسڵەن قسەیەکیش هەڵدەگرێت کە مافی هەبێت یان نا.

بەو شێوەیە کولتور و زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی کورد یان نییە یان هێندە بە سووک و دواکەوتوو و ناوچەیی دادەنرێت کە هەر نەبێت باشترە. هەروەکو فەیلەسوفگەل و ڕۆشنبیرگەلی سەردەمی ڕۆشنگەریی دەیانگوت بوونەوەری ئاوا تا زوو بمرێت و تەواو بێت باشترە و زوو مراندنی خزمەتێکە بە خۆی، ئێستایش دۆخێکی لەو چەشنە لە کوردستان هەیە.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەڕا نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

ئەم سیاسەتە وا بەربڵاو و پلانبۆکراو و داڕێژراوە کە تەنانەت هەندێک کورد وایان لێ بێت ئەوە بە ڕاست بسەلمێنن و لە بۆتەی داگیرکەریدا خۆبتوێننەوە و ئەسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی قبوڵ بکەن و تەنانەت هەندێکیان لە خودی ئەو پرۆسەیەشدا چالاکانە بەشدار بوون و بەشدارن. هەر لە قبوڵکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست، بە شانوباڵ هەڵدانی زمان و فەرهەنگ و کولتور و سیاسەت و ئەدەبی ئەو. تا دەگاتە ئەوەی کە هەموو شتێکی نەتەوەی خۆیان کە بندەستە بە بێنرخ و بێتام و بێڕەنگ و سارد و سڕ و بێکەڵک دابنێن.
ئەمە بەشێکە لەو سیاسەتەی کە لە ناو نەتەوەی سەردەستدا خۆبێئاگابوون کردن مێژوویەکی کۆنی هەیە.
نازم حیکمەت شاعیرێکی تورک بوو بە لینینیستێکی شۆڕشگێڕ دەناسرا. لە ساڵی ١٩٢٢ دا تەمەنی بیست ساڵ بوو. نازم حیکمەت بە خۆشەویستی مرۆڤ و شاعیری مافی مرۆڤ ناسێندراوە و ساڵی ١٩٦٣ لە ئاوارەیی لە مۆسکۆ مرد. لە کاتی ژیانی ئەودا دەوڵەتی تورک بێ لە هەموو ئەو ڕەگەزپەرستیەی باسم کرد ٢٧ بزووتنەوەی کوردستانی لەناوبردبوو و لەوێدا چەندین بە کۆمەڵکوژیی کردووە.
هەموو ئەوانە و سەرەڕای ئەوەی کە خۆی تامی ئاوارەیی چێشتبوو نازم حیکمەت نەیتوانی یەک دانە شیعر لەسەر ئازاری میللەتێک دابنێت کە تا ساڵی ١٩٥١ کە خۆی هەڵهات بۆ ڕووسیا لە نێزیکەوە دەیبینی.
سەبارەت بە ئەحمەدی شاملۆ هەمان شت دروستە. شاملو ساڵی ١٩٢٥ لەدایک بووە. کاتێک ژیاننامەکەی دەخوێنینەوە تێ دەگەین شاملو کەسێکە کە لە دۆخی ئێران شارەزابوو، و شاعیرێکی میللی و دونیادیدەیە و بەوە بەناوبانگە کە باس لە ئازادیی و خۆشەویستیی دەکات، بەڵام یەک دانە شیعری بۆ ئەو چەرمەسەری و ستەمەی دژی کورد بەکارهێنراوە نەگوت. ئەو چاوپۆشینە چاوپۆشینێکی سیاسییە کە پێچەوانەکەی لە کاموس و سارتەر و سیمۆن دیبوڤوا و هەمەنگوای و دەیانی دیکەدا دەبینینەوە.
تێگەیشتنەکە ئەوەیە کە ئازاری تا سەر ئێسک ڕۆیشتووی کورد بە ئازارێکی مرۆڤیانە داناندرێت.
ئەدەبی ڕۆشنبیرانی نەتەوەی سەردەست سەبارەت بە خۆشەویستیی و ماف و هاوهەستیی ڕۆمانسیبوونێکی پریمیتیڤ و ئایدیالیزمیکی مەزهەبیانەیە.

جۆکێک سەبارەت بە کابرایەک هەیە کە عەوداڵی دیتنەوەی مانگایەکیەتی. کاتێک دەگاتە شوێنێک کچێک و کوڕێک دەبینێت ئاوێزانی یەک بوون. کوڕەکە ڕوو لە ڕووخساری کچەکە، پێی دەڵێت "گیانەکەم، هەموو دونیا لە چاوەکانتدا دەبینم". کابرای مانگا لێ ون بوو، هاوار دەکات: دەستم دامێنت کوڕەکەم، بزانە مانگاکەم کوێوە کەوتوە.
مانگای کورد لە ئایدیالیزم و ڕۆمانسیبوونی ەرزەکارانی نەتەوەی سەردەستدا نابینرێتەوە،
هەموو ئەو ئازار و بێدادیەی حیکمەت و شاملۆ نەفرەتی لێ دەکەن لە خاکێکدا ڕوو دەدات، کە نەک هەر دوورەدەست نییە، بەڵکو هێندە نێزیکە کە بە هی خۆشیانی دەزانن و هەمیشە برینێکی هەوکردووی ئەو وڵاتانە بووە کە ناکرێت قامک نەیناسێتەوە.
لە کوردستان حەسەن زیرەک (١٩٢١–١٩٧٢) کاتێک دەیخوێند کە شۆڕشی سێکس و بزووتنەوەی هیپی لە ئورووپا برەودار بوو. نەک هەر ئەوانەی ناسکیی شاعیربوون و چڕینیان هەبوو، بەڵکو لاوان و جەوانان بەگشتیی پێیان خۆش بوو وەک باڵندە بفڕن. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە هاوسەردەمیەکانی حەسەن زیرەک بریتی بوون لە کەسانی وەکو فەرید ئەترەش (١٩١٥–١٩٧٤)، ئێلڤس پریسلی (١٩٣٥–١٩٧٧)، ئوم کەلسوم (١٨٩٨–١٩٧٥) و عەبدولحەلیم حافز (١٩٢٩–١٩٧٧) و ڤیگن دەردەریان (١٩٢٩ –٢٠٠٣) و چەندینی دیکەی لەو جۆرە.
کولتور و فەرهەنگ و زمانی حەسەن زیرەک لەژێر فشاری زەحمەت و سانسۆری جیدی سیاسییدا بوو.
سەرەڕای هەموو ئەو زەحمەتیانەش کە باسی دووروودرێژ هەڵدەگرێت حەسەن زیرەک خودئاگا لە ناوەند دوور دەکەوتەوە و لە ناو خەڵکی خۆیدا دەهات و دەچوو. کاتێک کە هاوسەردەمیەکانی ئەو لە هۆڵی گەورە و ئیمکاناتی باش و تیپی موزیکی مەشقکردوودا بەخێردەهێنران و بە سەدان و بگرە هەزاران کەس چەپڵەڕێزانیان دەکردن و سەری سوپاس و پێزانینیان بۆ دانەواندن، و کە بێ منەت پارەیان بۆ کارەکانیان

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانەی گەڕا نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

پێ دەدرا و تەنانەت لە دەیان فیلمی سینەماییشدا بەشدار دەبوون، حەسەن زیرەک ناچار بوو بە تاکوتەنیا خۆی لە دیوەخانەکان و چایخانەکان دووربخاتەوە و هونەری خۆی وەپێش ببات. نە کەوشی کەوش و نە جلوبەرگی جلوبەرگ و نە خۆراکی خۆراک بوو. زۆرینەی گۆرانیەکانی بە ئامێری ناو ماڵان زەبت دەکران. حەسەن زیرەک حەتمەن دەبێت لە شوێنێکدا هەستی پێ کردبێت کە ناخودای کەشتیەکەی لە ناو میللەتی خۆیدا نەشکێنرا بوو، بەڵکو لە دەرەوە ڕادا دەشکێندرا.

لە پێشینەی ئەو ڕەگەزپەرستیەدایە کە چل ساڵ دوای ئەوە، لە ناوەڕاستی ئوکتوبەری ٢٠٠٩ دا، ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی "ئاکشام" سەردار تورگوت، دیت و "ڕۆژین" ـ ی هۆزان لە باکووری کوردستان بە "قەحەبەی گەریلاکان" بانگ دەکات. لەو پیوەندیەدا ڕۆژنامە تورکەکان نەک ەەر ئامۆژگاریی ناکەن کە بەو زمانە نەدوێت، بەڵکو بۆیشی بڵاو دەکەنەوە. ڕۆژین دوو گوناهی زۆر گەورەی لەسەرە کە بە ئەستەم پاک دەبێتەوە: هەم کوردە و هەم دەست لە سیاسەتەوە وەردەدات.

بە بەراووردکردنی سەرپێی دەتوانین تێبگەین کە نەک هەر هاومافیی و هاوزەمینەیی لە نێوان هونەرمەندان و کولتوردۆستانی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و بێدەوڵەتدا نییە، بەڵکو جیاوازیەکان بێ مانا نائینسانیین.

پێویست بە باسکردن ناکات کە شاعیران و هونەردۆستان و هۆزانی کورد چۆن ژیاون و لە چ بارودۆخێکدا کاریان کردووە. مرۆڤ دەتوانێت بە سەدان نموونەی ورد بهێنێتەوە.

لە پێشدا کولتور و فەرهەنگی نەتەوەی بندەست بە پێی سیاسەتێکی پلانبۆکراو دەخنکێنرێت و پاشان بە شێوەی جیاواز سووک و بێنرخ دەکرێت، ئەوجا دەکرێتە جێی شۆخی و گاڵتەپێکردن و بە زمانی ڕەسمیش بە "محەلی" ناوزەند دەکرێت. هاوکات کە کولتور و فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست خۆی ئەسڵیی و سەرتاسەریی و "خوداییە"، چونکە هی "خۆیانە".

لێرەدا دەبینین کە چۆن داگیرکەر لە کوردستان لە پرۆسەیەکی سیاسیی پلانبۆکراودا هیرارشیەکی کولتوریی دامەزراندووە. لەو هیرارشیە کولتورییەدا کورد "ئەوی" داوکەوتوو، بێ هونەر و بێ نرخە.

لە نموونەیەکی زۆر بچووکدا ئەوەیە کە هەموو ئامراز و ئامێرێکی لێ دەستێندرێتەوە و لێ داگیر دەکەن و ئەوجا گاڵتەی پێ دەکەن کاتێک ناچار دەبێت بە بنە مەنجەڵ تەپڵی خۆی لێ بدات.

ئەم ڕەگەزپەرستیی و هەڵاواردنە کولتورییە کە ڕەگەکەی ڕەگەزپەرستیی ئیتنیکیە بە سوپایەکی مەشقپێکراو و خاوەن ئیمکان، بە پاراملیتار و پۆلیس و پۆلیسی نهێنی و جۆرەکانی میت و ساواک و ئیتلاعات و ئیستیخبارات و ئەمن و ئەرگەنەکۆن درێژەیان پێ دەدرێت و بەو شێوەیە داگیرکردنەکە زامن دەکرێت.

ئەو دەوڵەتانە هەوڵیان داوە لە مێژوودا کورد ئیزۆلە بکەن و نەهێڵن دەنگی بگاتە جیهان و هەروەها نەهێڵن جیهان لە دەستی یەکەوە ڕاستەوخۆ لە خۆیەوە بیناسێت. هەمیشە لە زاری ئەوانەوە جیهان کوردی ناسیوە. هاوکات بۆ نموونە کە دەوڵەتی ئێران لە ٤٣ ڕێکخراوەی جیهانییدا ئەندامە (لە سێ دانەدا چاودێرە) و تورکیا لە ٦٩ دانەدا (لە دوو دانەدا چاودێرە و لە یەک دانەشدا، وتا یەکێتی ئورووپا داوانامەی داوە). ئەم دەوڵەتانە لە هەرکام لەو ڕێکخراوە جیهانیانەدا خۆیان تەنیا وەک نوێنەری نەتەوەیەک (واتا نەتەوەی دەسەڵاتدار) دەناسێنن و هیچ ناوێک لە کورد یا نەتەوەیەکی دیکە لە ئارادا نیە. هەر خودی "ئێرانیبوون"، "تورکیبوون" و "ئێراقبوون" و "سووریابوونەکە" لە خۆیدا شوناسی نەتەوەی سەردەستە. نەتەوەگەلی سەردەست لە دێر زەمانەوە نوێنەرانیان بە دەوڵەتگەل و وڵاتگەلی دونیادا بڵاوبوونەتەوە و خوێندکار و کاسپکاریان هاسانکارییان بۆ کراوە و دەستڕەسییان بە ژیانی مۆدێرن و بیری نوێ هەبووە.

داگیرکەر هەمیشە هەوڵ دەدات ئامار سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووان و کار و پیشەی نەتەوەی بندەست نەخاتە ڕوو. چونکە لە ڕێگای هەبوونی ئامارەوە ڕۆشنبیرانی نەتەوەی بندەست دەتوانن زانیاریەکان لە دەست خۆیاندا بهێڵنەوە و کۆنترۆڵی باشتریان هەبێت. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بزانین کە لە دانیشتوونی ئێران نێزیکەی ٣٠ ملیۆن مرۆڤ لە کاردان، لە بەشی پیشەسازییدا نێزیکەی ٤٢ لە سەددی ئەو ژمارەیە و


تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

لەبەشی خزمەتگوزارییشدا نێزیکەی ٤٦ لە سەددا کار دەکەن و لە بەشی کشتوکاڵیشدا ١١ لە سەددا، بەڵام نازانین ژمارەی دانیشتووانی کوردستان چەندە، چەند لە بەشی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییدا کار دەکەن. بەڵام دەزانین کە لە کوردستان هێشتا کۆمەڵگای کشتوکاڵییە و بەشێکی خەڵک لە ڕێگەی کشتوکاڵ یا ئاژەڵدارییەوە دەژین. لە بەرابەردا ئەوەش دەبینین کە دەسەڵاتی ناوەندی هیچ ئیمکانێک بۆ مودێڕن کردن و ئیمرۆژیکودنی ئەم بوارانە لە کوردستان فەراهەم ناکات. ئەوە لەکاتێکدایە کە دەست خستنی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتوو بۆ پێشخستنی ئەم بوارانە لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ حکومەت کارێکی ئاسانە. ئەو وابەستە کردنە بە ناوەندەوە سیاسەتێی خودئاگا و پلان بۆکراوە. کەواتە دەتوانین تێبگەین کە لە دۆخی ئابووریی و سیاسیی وادا زۆرینەی بێکاران دەکەونە کوێیەوە.
ئێران ساڵانە نیزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کیلۆوات ئەلەتریک بەرهەم دەهێنێت، بەڵام چەند لەوە دەگاتە کوردستان؟ بەرهەمی نەوتی ئێران ڕۆژانە زیاتر لە ٤ ملیۆن بۆشکەیە لە ڕۆژدا، (نێزیکەی ٢،٥ بە دەرەوە دەفرۆشرێت) لە بەشی فرۆشتنی دەرەوە و ساخکردنەوەی ناوەودا چەند بەشی کوردستانی لێ دەدرێت. لە ئێران زیاتر لە ١٥ ملیۆن کەس ئینتەرنێت بەکار دەبات، ڕێژەی ئەوانە لە کوردستان چەندە و دەسترەسیی دانیشتووانی کوردستان بە ئینتەرنێت لە چ ئاستێکدایە؟
لە ئێران ٣٣١ فرۆکەخانە هەیە لەوانە ١٢٩ دانە ئەسفالتکراو و پەروازدارە و ٢٠٢ دانەش ئەسفالت نەکراو. نێزیکەی ٨٥٠٠ کم هێڵی ئاسن و ١٧٥ هەزار کم ڕیگاوبانی تێدایە کە زیاتر لە ١٢٥ هەزار کم ئەسفالت کراوە. چەند لەم ئیمکاناتە لە کوردستان فەراهەمە؟
ئەگەر بە پێی ڕێژەی دانیشتووان و مافی شارۆمەندی بێت، بۆ نموونە لە ئێران، نوێنەرانی کوردستان نابێت لە ٤١ نوێنەر کەمتر بێت.
دەستەڵاتی سیاسیی لە مێژوودا ئێرانی دابەشکردووە بە سەر ٣٠ (سی) ئوستاندا. ئەو دابەشکردنە دابەشکردنێکی سیاسییە. هیچ لەو نەتەوانەی لە ئێراندان بە پێی هەبوونی ئەتنیکیی و مێژوویی ئوستانی خۆیان پێ نەدراوە. ئەوی لە ئێران پێی دەڵێن "ئوستانی کوردستان" لە ڕاستیدا زۆر کەمتر لە سێیەکی کوردستانە.
لە ئێراق ئەگەر شەڕەکانی ئینگلیز دژ بە کوردستان حیساب نەکەین و لە مێژووی مۆدێرنی دروستبوونی ئێراقەوە لێی بڕووانین هەر لە ساڵی ١٩١٤ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ سەدان هەزار کوژراو، کەنەفتکراو و کەمئەندام کراون، سەدان هەزار کۆچبار کراون، دەیان هەزار زیندانی هەبوون و لە ملیۆن زیاتر ئاوارە کراوە.
گەورەترین لە کۆمەڵکوژییەکان ساڵی ١٩٦٣، ١٩٧٤، ١٩٨٣– ١٩٨٨ (ئەنفال و گازبارانکردنی هەڵەبجە) تەنانەت ئێستاش هیچ کەس و ڕێکخراوەیەکی عەرەبیی بەرپرسیاریەتیەکە هەڵناگرێت!
لە سووریا کورد وەک نەتەوە خاوەنی هیچ نییە و تەنانەت لەسەر ناسنامەکانیشیان بە "ناهاووڵاتیی" پێناسە کراون.

لە تورکیادا زیاتر لە ٨٧ لە سەددی دانیشتوان خوێندەوارن و لەوانە ٩٥ لە سەدد کوڕان و ٧٩ دەرسەددی کچان. بەڵام ئێمە نازانین بە ڕاستی ئاماریی دانێشتووان لە کوردستان چەندە و هاوکات دەزانین کە ڕێژەی نەخوێندەواریی لە کوردستان لە چاو تورکیادا زۆر زیاترە و ژنانی کورد گەورەترین ڕێژەی نەخوێندەواری تورکیان.
لە سەددا ٨،٥ لە کەرتی کشتوکاڵیدا، ٢٨،٦ لە پیشەسازیی و ٦٢،٩ لە خامەتگوزارییدا کار دەکەن، بەڵام دەزانین کە ئەوە لە ڕاستییدا کوردستانە کە ناوچەی کشتوکاڵییە و کە هاوکات، هەروەکو ئێران، نامۆدێرن و وابەستە بە ناوەندە (زەمانی داگیرکەریی لە ئێراقیش هەر وابوو). لە تورکیا زیاتر لە ٢٣ ملوێن کار دەکەن و ڕێژەی بێکاریی ٧،٩، بەڵام دەزانین کە ڕێژەی بێکاریی لە کوردستان لە چاو تورکیادا هەر زۆر بەرزترە و بە پێی زۆرینەی ئامارە سەرپێیەکان کە لە شارەکانی وەکو دیاربەکر و ماردین و نوسەیبین و وان دەکردرێن نیواونیوی دانیشتووانی کوردستان بێکارن. تورکیا نیزیکەی ١٨١ بیلیۆن کیلۆ وات ئەلەتریک

وەبەرهەم دەهێنێت کە ١٤١ لە ناوخۆ و ٢،٥ دەنێرێتە دەر. دیارە کە کوردستانێکی بێ پیشەسازیی و نامۆدێرن ئەلەتریکێکی زۆر کەمتری پێویستە و کە زۆر کەمتری پێ دەدرێت.
تورکیا ٦٣٥ ئیستگای تەلەڤیزیۆن و نیزیکەی ٣٠٠٠ ئامێری دووپاتکەرەوەی نێرەری هەیە و زۆرێک لەوانە بەتایبەتی ئاراستەی کوردستان کراون و بێ لە پروپاگەندەی سیاسیی، شەوانە فیلمی ڕووتی زۆر خراپ و کولتوری کوچەبازاڕیی بلاو دەکەنەوە.
قاوەخانەنشینیی و سیغارکێشان و شەونوخنی بەشێکی گەورەی ژیانی لاوان و جەوانانی کوردستانە، بەتایبەتی نەوجەوانانی نەخوێندەوار و بێکاری کورد. لەگەڵ ئەوەدا کە لە ناوەڕاستی ٢٠٠٩ دا حکومەتی تورکیا ڕێگای بە پەخشی تەلەڤیزیۆن بە زمانی کوردیی دا، کە لەگەڵ بەرسنووریەکەشیدا، هێشتا تەلەڤیزیۆنی حیزبی حاکمە، نەک هی دەوڵەتە. ئەوەیش بەو مانایە دێت کە هەر کاتێک پۆلیس، دادگا، دەوڵەت یان حیزبی حاکم بیەوێت، دەتوانن دایبخەن.

لە ئێران دەوڵەت بەتایبەتی سیاسەتی فرۆشتنی مەوادی موخەدەری لە ئەستۆی خۆی گرتووە. ئەم سیسەتە هێندە پلانبۆکراو و داڕێژراوە کە لە ئیتلاعات و پاسدارانداا جێی تایبەتیی هەیە. سیاسەتی دەوڵەتی ئێران ئەوەیە کە تا دەکردرێت نەوجەوانانی کورد لە فەزای بەخۆباوەڕیی و پشتبەخۆبەستوویی دووربخاتەوە.
لە تورکیا ١٣ ملوێن کەس ئینتەرنێت بەکارهێنەری هەیە، بەلاَم ئێمە دەزانین کە ئەو ڕێژەیە لە کوردستان هەر زۆر کەمە. لە زۆربەی تاقیکردنەوەکاندا دەردەکەوت کە دەوڵەت فیلتەری لەسەر ئیمایلی د.ت.پ دادەنا و هەرچیەک بنێردرایە نە دەگەیشتە دەستیان. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕوواڵەت د.ت.پ پارتێکی یاسایی بوو. لەگەڵ یاسایی بوونەکەشیدا مامەڵی هاوولاتیی پلە دووی لەگەڵدا دەکرا و بینیمان کە لە بریارێکی سیاسییدا دادگای بالا لە دانیشتنێکی سەعاتەدا لە ٢٠٠٩/١٢/١١ ئەو پارتە گەورەیەی قەدەخە کرد.
لە تورکیادا پارتی وەکو هادیپ و پاشان د.ت.پ دەبا لە سەرانسەری تورکیادا ڕێژەی دە (١٠) لە سەددی دەنگەکان بهێنێت، نەک لە ناو خودی کوردستاندا.
لەگەڵ ئەوەیشدا لەوەپێش ڕێکخراوگەلی تورکیی بەو هەموو هێزەوە کە هەیانە هەموو تورکیایان تێ دەگەیاند کە د.ت.پ پارتێکی ناسیونالیستی کوردییە تا دەنگی پێ نەدەن. بە واتایەکی دیکە لەو زەمینەیەدا پارتێکی وا ناچار دەکرێت هەروەکو پارتێکی تورک دەنگ بباتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە پارلەمان.
تورکیا ١١٧ فڕۆکەخانەی هەیە، ٩٠ دانە ئەسفالتکراو و ٢٧ دانەی ئەسفالت نەکراو. نێزیکەی ٩٠٠٠ کم ڕێگای ئاسن و ٤٣٧ هەزار جادەی ئاسایی هەیە. هەمووان دەزانن ئەو خزمەتگوزاریانە لە کوردستان لە چ ئاستێکدان.
لە ئێران لە تەمەنی ١٦ بۆ ٤٩ساڵ نێزیکەی لە ٢١ ملوێن کوڕ و نێزیکەی ٢٠ ملوێن کچ لە تەمەنی سەربازییدان، یەکەمیان ١٨ ملوێن و دووهەمیان ١٧ ملوێن ڕاستەوخۆ بەکەڵکی خزمەتی سەربازیی دێن.
ساڵانە ٨٠٠ هەزار کەس دەچنە تەمەنی سەربازییەوە. تورکیاش دروست هەروەکو ئێران، لە نێوان تەمەنی ١٦ بۆ ٤٩ کە ئامادەی سەربازیین لە کوڕان ٢٠،٢١٣،٢٠٥ (زیاتر لە ٢٠ ملوێن) و کچان ١٩،٤٣٢،٦٨٨ (زیاتر لە ١٩ ملوێن)، یەکەمیان ١٧ ملوێن و دووهەمیان ١٦،٥ ملیۆن توانای سەربازییان هەیە. ساڵانە ٦٦٠ هەزار کوڕ و ٦٣٨ هەزار کچ پێ دەنێنە تەمەنی سەربازییەوە. تورکیا زئاتر لە ٥،٣ لە سەددی کۆی بودجەکەی تەرخانی سەربازی دەکات. بە چاوپێخشاندنی پەلە بەم زانیاریانەدا دەبینین خەرجی سوپا و سەربازیی ئەم دەوڵەتانە دەتوانن چەند بن و لە کوێ مۆڵ دەدرێن و کارەکانیان کامانەن.
لە کاتێکدا کوردەکان دەبێت بە خوێنی خۆیان شەڕ بۆ یەک دوو سەعات پەخشی تەلەڤیزیۆن بکەن، تورکەکان ٧٠ لە سەددی پارەی پەخشی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی لە باجی سەر نرخی ئەلەتریک و باجی سەر فرۆشتنی ئەشتومەکی تەلەڤیزیۆنیی پەیدا دەکەن. ئەو بودجەیە دیارە بەشێکی پارەی کوردە. لەوێدا پارەی کوردەکان لە قازانجی توركدا بەکاردەبردرێت و کورد نە هەر کەڵکێکی لێ وەرناگرێت، بەڵکو زەرەریشی لێ دەکات. تورکەکان دەوڵەتیان هەیە و دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن. کوردەکان بندەستی ئەوانن، بۆ وەرگرتنی

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

سەعاتێک پەخشی تەلەڤیزیۆنی دەبێت هەموو جیهان پێ بزانێت و نیوەی دونیا سوپاسمەندی تورک بێت کە کاری وای لێ دەوەشێتەوە.

نابەرابەریی دۆخی نەتەوەی بندەست و سەردەست لە حیساب نایەت. یەکەمیان دەست و لاقی بەستراوە و دەمی هەڵبەستراوە و چاوی شەتەک دراوە و بە زۆری زۆرداریی ناهێڵن دوو هەنگاو ڕوو بە پێشەوە بڕووات. لە هەرچی ساختاری دەربەگیی و خێڵەکایەتی و کولتوری کۆندا دەهێڵرێتەوە. دووهەمیان ڕۆژانە بە ملوێن دۆلاری بۆ تەرخان دەکرێت و بە سەدان دام و دەستگا و دامەزراوەی کولتوریی و فەرهەنگیی و ئامۆزشپەروەریی و خوێندنگای باڵا و بنکەی تەندروستیی و چاوەدێریی و ئینفراستروکتور و زمانی ئازاد و هتاد لە خزمەتیدایە. ئەمە بێ لە بەشانوباڵ هەڵدانێکی بێتام و هەوڵدان بۆ بردنە سەری ئیگۆی سەبارەت بە مێژوو و بە توانا و بە لیاقەتی.
لەبەرئەوەیە نەتەوەی سەردەست هەمیشە کەپو و پۆزی ڕوو لەسەرییە و پێی وایە بێ ئەو نەتەوەی بندەست نان نییە بیخوات و لە برساندا دەمرێت.
تێگەیشتن لە پێوەندی دەستەڵات لە نێوان نەتەوەی سەردەست و بندەستدا زەحمەت نییە. مرۆڤ دەتوانێت ئەو پێوەندیە لە نەزمی پیاوسالاریشدا ببینێت. لەوێدا پیاوی پیاوسالار هەموو شت بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات و هیچیش یان کەمترینیش بۆ ژن. هەندێک جار ژن تەنها لەبەر خودی سەرکۆنەکردنەکەی دەبینرێت. ئەو پێوەندیانە هەروەها لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، چینی باڵادەست و چینی کرێکار/هەژاردا دەبینرێت.
ڕەنگە هیچ حکومەتێکی ئەو دەوڵەتانە گەر بشیانەوێت هەرگیز نەتوانن ئەو پارەیە بۆ کوردستان قەرەبوو بکەنەوە کە لە مێژوودا بە شێوەی سامان، هێزی کار، بەرهەمی هەرزان و تالانیی لێیان بردووە یان لە شێوەی کوشتن و برین و ئازاردانا زیانیان پێ گەیاندووە. چونکە ئەو زیانانە هێندە زۆرن کە قەرەبووکردنەوەیان هاسان نییە. بەڵام دەکرێت پەڕەیەک بۆ ئەو زیانانە هەڵ بدەینەوە و لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین.

## کورد ڕەشپێشتێکی چارەڕەش/ بەدبەخت

ئەگەر وا گریمان بکەین کە دانیشتووانی کوردستان ڕەشپێستن، پرۆسەیەکی سیاسیی سەرنجراکێش پەیدا دەبێت. لەوێدا مرۆڤی ڕەشپێست دەبینین کە زمانی قەدەخەیە و تەنانەت ناتوانێت ناوی کوردیی لە منداڵانی خۆی بنێت، کولتور و فەرهەنگی قەدەخەیە، سەربان و بن بانی سەرباز و پاسدار و بەسیج و ئیتلاعاتە، وڵاتی لە هەموو ڕوویەکەوە بە ئەنقەست پاشگوێ خراوە و سیستەماتیک لە هەموو پێشکەوتنێک دوادەخرێت و هەموو شێوەیەکی ڕەگەزپەرستیی وەکو "ڕەگەزپەرستیی ئینستیتیوسیونالیی/ ڕەگەزپەرستیی دامەزراوەیی Institutional racism"، "ڕەگەزپەرستیی ستروکتوریی/ ڕەگەزپەرستیی ساختاریی Structural racism " و "ڕەگەزپەرستیی سیستەماتیک Systematic racism" دژی بەکار دەهێنرێت.
لە دۆخی وا بەرچاوییدا دونیای مۆدێرن و پێشکەوتووخواز و زۆرینەی ئایدیۆلۆژیەکانی وەکو کۆنسەرڤاتیزم، لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، سۆسیالدیموکراتیی و جۆرەکانی چەپ و تەنانەت مەزهەبە جۆراوجۆرەکانیش ناتوانن و ڕێگا بە خۆیان نادەن لە ئاست ئەو ڕەگەزپەرستییە بێدەنگ بمێننەوە. بێدەنگیەکە بینەر دووچاری ئازاری ویژدان دەکات. مرۆڤ لە درێژخایاندا ناتوانێت بەرامبەر بە ڕەشپێستێکی لەو جۆرە بێ ماف و بێ دەرەتان، هەروا بێهەڵوێست و دوورەپەرێز بمێنێتەوە.
ئەڵبەت لە دونیای واقیعدا نە کورد دەبێت بە ڕەشپێست و نە دەتوانین ڕووخساری دانیشتووانی کوردستان بە ڕەش ڕەنگ بکەین. بەڵام دەتوانین نموونەکانی ئەو ڕەگەزپەرستییە و ژیانی ڕۆژانە و ئەوجا سەرئەنجامەکانی بە دونیای دەوروبەر و بە دونیای پێشکەوتووخواز و ئازادیخواز نیشان بدەین و ئەو پێوەندی دەستەڵاتە ڕوون بکەینەوە کە تیایدا دانیشتووانی کوردستان دووچاری ڕەگەزپەرستیەکی بێوێنەن.
ئەم حاڵەتە فرە نائاساییە دەبێت چارەسەرێکی سیاسیی بۆ ببینرێتەوە.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

## دیموکراسیی سەرانسەریی

پەیدابوونی ئەوەی لە هەندێک بازنەدا پێی دەگوترێت "بزووتنەوەی سەوز" جارێکی دیکەش سەرئێشەی بۆ ئەو کوردانە پەیدا کرد کە وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بانگەشە بۆ دیموکراسیی سەرانسەریی لەسەر ئاستی ئێراندا دەکەن.
قسەی تێدا نییە کە هەبوونی دەوڵەتێکی دیموکراسیی کە حکومەتەکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە، بە پێی پرینسیپی پارلەمێنتاریزم و بەرقەرارکردنی شێوەکانی ئازادیی، بێنە سەر حوکم، هەبوونێکی ئەرێنییە و دەبێت پشتگیری بکرێت. میکانیزمی هاتنەسەرکاری حوکمەتێکی وا لە تیئۆرییدا شایەد زۆر ئاڵۆز نەبێت، هەمیشە هاسان بووە باس لە برایەتیی و بەرابەرییەک بکرێت کە بێ لە یەک دوو وشە قرانێک لەسەر کەس نەکەوتووە. بەڵام لە پراکتیکدا زۆر زەحمەتە.
زەحمەتبوونەکە لە دوو خاڵدا مانای سیاسیی گەورەی هەیە، یەکەمیان مەرج نییە دۆخگەلێک بێتە ئاراوە کە دیموکراسیەکی سەرانسەریی بەرقەرار بێت. وەدواخستنی پرسی کورد بۆ ئەو کاتە و پێکەوەگرێدانی ئەو دوو پرۆژەیە کارێکی نادروستە. دووهەمیان، هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسیی بە هیچ شێوەیەک بە مانای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی نابێت. ئەسڵەن کێشەی ڕەگەزپەرستیی و هەڵاواردن لە کوردستان هێندە قووڵە کە خودی باسی دیموکراسیی سەرانسەریی بە تووندیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
ئینگلستان وڵاتێکی دیموکراسییە و بێشکەی شۆڕشی پیشەسازیی ئورووپایە و تەنها دەوڵەتێکە کە بە دەستوورێکی نەنووسراوەوە یەکێکە لە گەورەترین دیموکراسییەکانی جیهان، بەڵام لە بەرخورددا خاوەنی دەیان کۆلۆنیی بووە و هەر لە دەوروبەریی خۆیدا بەرانبەر بە نەتەوەی وەکوو سکۆت و وێڵش و ئیرلەندی داگیرکارە. تا ئێستاش ئەو نەتەوانە لە پرۆسەی ئازادیدا نەیانتوانیوە دەر لە سنووری ئینگلستان دەنگ بە سەربەخۆیی خۆیان بدەن. پێداگرتنی "خۆ ئەگەر ڕیفەراندۆمیش بکردرێت شایەد هەر لەو یەکێتیەدا بمێننەوە"، وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە. لە بنەڕەتدا پێکەوەبوونەکە یەکێتیەکی داسەپێندراو و زەماوەندێکی ناپیرۆزی یەکلایەنەیە لە کۆپیەکی تەواو پارتریاک.
نموونەی دیکە ئیسپانیایە بەرانبەر لەلایەکەوە کۆلۆنیگەلی ئەوبەر ئاوەکان و لە لایەکی دیکەوە نەتەوەگەلی دەراوسێی وەکوو کەتالۆنیا و باسک. بە سەدان هەزار ئیسپانی خۆپیشاندن دژ بە ئیتا دەکەن کاتێک بۆمبێکی لە ماڵ دروستکراو لە سەبەتەی زبڵدا دەتەقێتەوە، بەڵام چەند هەزارێک بۆ پشتگیریی لە داوای مافی باسک چالاکیەک ئەنجام نادەن. لە سەرەتادا ئەوە باسکرا کە داگیرکەر ویژدان و ئابڕوویەکی نییە. دێلەمای داگیرکەریی لە بەرژەوەندیەکدایە کە چاوی زۆر لایەن نابینا دەهێڵێتەوە.
باشووری ئەفەریقا لەلایەن گەورەترین لە دیموکراسیەکانی ئورووپاوە تا سەرەتای نەوەدەکان نە هەر دەچەوسایەوە، بەڵکو لە ژێر سیستەمێکی ڕەگەزپەرستیی پلان بۆکراودا دەژیا. ساڵەهایەکی زۆر دەنگی تەپڵی شۆڕشگێری ئاشتیخوازانەی ڕەشپێستەکان دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک. هەتا بەرژەوەندی ئابووریی زۆرێک لەو وڵاتانە نەکەوتە مەترسییەوە و ویژدان و ئابڕوویان لە ناو شانۆکان و ئۆپەراکان و موزیک و فیلم و چالاکیەکانی دیکەدا نەخرایە ژێرپرسیار، خۆیان بە چارەسەری گرفتەکەوە خەریک نەکرد.

لە نموونەی نوێدا دەتوانین ئەمەریکاش بهێنینەوە. ئەمەریکا یەکێکە لە تازەترین پێکهاتە جیددیەکی دروستکردنی ناسیونال ستەیت و لە کۆی هەموو ئەو نەتەوانەی ئورووپا پێک هاتووە کە ئەمەریکایان لە شەڕی خوێنین و لە کۆمەڵکوژیی بێوێنەدا لە سووڕپێستەکان زەوت کرد. پاشان یەکێک لە گەورەترین شەڕی ناوخۆیی بەخۆوە بینی. هەروەها خاوەنی ئەزموونی شۆڕشێکی سەرکەوتووشە دژ بە دەستەڵاتی داگیرکەری ئینگلیز. پاش دروستبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پێی پرینسیپی هەڵبژاردنی ئازاد و هەلومەرجەکانی پڕکردنەوەی دیموکراسیی، وڵاتێکی دیموکراسیی پێشکەوتووە و لە جۆری ئازادیی تاکەکەسیشدا بزووتنەوەی لیبرالیزم بە هەموو شێوەکانیەوە هەمیشە لەو پەڕی سەقامگیریی خۆیدا بووە.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەر نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی ئەمەریکا لە بەرخوردیدا بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە کۆلۆنیال و هاوکات ئیمپریالە. ئەمەریکا نەک هەر ڕاستەوخۆ کۆلۆنیی پەیداکردووە، بەڵکو هەروەها کۆلۆنییشی لە دەست کۆلۆنیال دەرهێناوە، بۆ نموونە فیلیپین، لاوس، ئێران، نێزیکەی هەموو لاتینی ئەمەریکا و هتاد.

نموونەیەکی زۆر نێزیک لە کوردستان تورکیایە. تورکیا وڵاتێکە کە لە خودی ئەناتۆڵیادا زۆرینەی مەرجگەلەکانی دیموکراسیی پڕ دەکاتەوە و لانی کەم پاش کودەتا سەربازیەکانی سەرەتاکانی هەشتا دانیشتووانی ئەناتۆلیا کێشەی سیاسیی دیموکراسیی و ئازادیی شایانباسی نەبووە، بەڵام سەبارەت بە کوردستان داگیرکارێکی ڕەگەزپەرستیی بێ وێنەیە.
دوو مانگێک لەمەوبەر کاتێک باس لەسەر هەڵبژاردنی وڵاتێک بوو بۆ یاری جیهانیی فوتبۆڵ، تورکیا کە خوازیارە هەڵبژێردرێت لیستێکی لە ناوی ئەو شارانە خستە بەر باس کە لە ناو تورکیادا لە ئەگەری هەڵبژاردندا بن. جێی تێبینیە کە باسەکە تەنها لەسەر شارەکانی ناو ئەناتۆڵیا بوو. بە هیچ شێوەیەک هیچ باژێرێکی کوردستان نەکەوتە سەر لیوان. ئەو باس نەکردنە فەرامۆشکردنێکی سەرپێی نییە. بەڵکو سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستیی لە ئارادا هەیە کە کوردستان بە هیچ شێوەیەک نابینێت. کوردستان تەنها لەو پێوەندیەدا هەیە کە لێی بدزرێت و ببردرێت و وەکو ژنی لە خوێندا گیراو پیایدا هەڵشاخرێت.
کەواتە دیموکراسییبوونی دەوڵەتێک بەو مانایە نایەت کە حوکمەتەکانی ئەو دەوڵەتە لە بەرخوردی سیاسییدا کۆلۆنیال یان ڕەگەزپەرست نابن.
هەتا کێشەی ئازادیخوازیی بە فۆرمولەی ئازادیخوازیی چارەسەر نەکرێت، سیستەمێکی دیموکراسیی خۆی لە خۆیدا نابێت بە میکانیزمی دروستکردنی ویژدان و ئابڕوویەک لە ڕای گشتیدا. بۆ نموونە یەکێک لە هەرە کۆڵەکەکانی باسی سەروەریی لە ناو زۆرینەی گروپە جیاوازەکانی تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریا، بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، یەکایەتی خاکە، هاوکات کە بە بەرچاوی هەموویانەوە خاکی کورد، واتە کوردستان، بێ لە چوار پارچە، لە ناو خۆیشیدا دەکرێت بە دەیان بەشی وەکو سۆران و بادینان و هەورامان و بۆتان و هتاد. سیاسەتەکە سیاسەتێکی داگیرکەرییە کە بەرژەوەندیەکی ئابووری ڕای گرتووە. لەویدا شوێنێک بۆ ویژدان و ئابڕوو نییە.
هەموو ئەو قسانە سەبارەت بە پەیام و بە مەبەستی دیموکراسیی لە هەزاران بۆنە و ڕووداودا، تەنانەت لە شێوەی بەڵێنیشدا، دوویات کراونەتەوە. ئایەتوڵا ڕۆحوڵا خومەینی لە ساڵی ٥٧ دا کاتێک لە فەرەنسا بوو باسی لە ئازادیەکانی مرۆڤ و لە دیموکراسیی دەکرد. ساڵی ٥٨، کاتێک کە گەیشتە سەر حوکم، نوێنەرایەتی خودایەکی دەکرد زۆر ڕەقتر بوو لەوەی لە پێشدا بانگەشەی بۆ دەکرد. هێندەی نەبرد هێرشکردن بۆ سەر خاکی کوردستان و کوشتار و وێرانکردن و بە کۆ لە سێدارەدانی زیندانیان بوو بە ئەستوونێکی پرینسیپیی بۆ بە پێوەڕاگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئایەتوڵا خومەینی پێی وا بوو دەبێت "لەگەڵ منافیقیندا ئەوپەڕی شیدەت بە کار ببرێت".
لە میحرابی دەستەڵاتدا خودای ئایەتولا ڕۆحوڵا خومەینی هیچ ویژدان و ئابڕوویەکی بە بەرەوە نەمابوو.

## چارەسەر؟

شێوەکانی چارەسەر بێگومان دەتوانن فرە بن. باشترین لەوانە دیارە ئەوانەن کە کەمترین خوێن و زەرەوروزیان لەسەر کۆمەڵانی خەڵک دەکەون. لە هەر حاڵەتێکدا، تا ئەو کاتەی داگیرکەر بە ڕاستی دێتە مەیدان، چارەسەر هەمیشە بەرپاکردنی خەباتی ئازادیخوازانەیە لە هەموو ئەو جۆرە فۆرمانەدا کە نەتەوەی بندەست پێی هەڵدەسووڕێت و دەتوانێت قازانجیان لێ بکات. هاوکات ڕیفەراندۆم، واتە ڕاپرسی گشتیی/ گشتپرسیی، دەتوانێت یەکێک لە باشترین چارەسەرەکان بێت.
خەباتکردن بۆ ڕێگادان بە خەڵکی کوردستان کە لە ڕیفەراندۆمێکی ئازاد و دوور لە فشاردا، و بە چاودێریی چاودێرانی نێونەتەوەیی، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، دەتوانێت زۆر گرەو بباتەوە.

 تێبینی: بە بێ ئاماژە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە، کەس بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
تکایە ئەو ماڵپەڕانە گەڕا نووسراوەیەکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

پاش ساڵەهایەکی بێژومار لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و دوور بوون لە دەستەڵات، دەستپێکێکی باش ئەوەیە کە دانیشتووانی کوردستان خۆیان لە پرۆسەیەکی سیاسییدا بەشدار بن و ئەو ڕێژەیان لێ بگیردرێت کە ڕێگایان پێ بدرێت لەسەر چارەنووس و ئاییندەی خۆیان بڕیار بدەن. ئەوە داوایەکە کە ئێمەی کوردستانیی نابێت سازشی لەسەر بکەین. ئەوە داوایەکە کە نابێت ببەسترێت بە "ئاخر" و "ئەگەر" و "بەڵام" و "ئەدی" کێشە و پرسی دیکەی سیاسییەوە لەو وڵاتانەدا.

## سەرئەنجام

هەمیشە لە جێی خۆیدایە بتوانین ئەو هۆیانە بناسین کە پێمان وایە لە پشت داگیرکردنی کورد و کوردستان و ئەو ڕەگەزپەرستیەوەن کە ڕۆژانە پیادە دەکرێن. هەمیشەش لە جێی خۆیدا دەبێت لەو هۆیانە بکۆڵرێتەوە و ڕەهەندی کاریگەرییان لە واقیعدا بە شێوەیەک بپێورێت. ئەو هۆیانە دەکرێت خودی بن و پێوەندیان بە جۆرەکانی پێکهاتەی گەلی کورد و شێوەی هەڵکەوتنی جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکی کوردستانەوە بێت، بەڵام هەر چۆنییەک تێی بڕووانین ڕەگەزپەرستیی وەک کەرەستەیەک بۆ داگیرکەریی لایەنێک پیادەی دەکات. ئەو لایەنە هەمیشە دەستەڵاتێکی داگیرکەرە. تێگەیشتن لەو لایەنە و نەهێشتنی دەستەڵاتی سەرکوتکارانە و داگیرکارانەی ئەو لایەنە دەبێت لە بزووتنەوەی دژ بە ڕەگەزپەرستیی و خەباتی ئازادیخوازانەدا خاڵی سەرەکیی بێت.
داگیرکەریی و ڕەگەزپەرستیی خۆشبەختانە لە زۆر کونج و قوژبنی جیهاندا نەمان کە بە داخەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژوویەکی تاڵیان تۆمار کرد. ئەو پێوەندیە بە مانای زەرەرێکی گەورە بۆ لایەنێک و قازانجێکی مەزن بۆ لایەنێکی دیکە بووە و دێت. بەڵام ئەو نەزمە هەر ئێستا لە کوردستان هەیە و درێژەی پێ دەدرێت.

هیچ ئازادیخواز و ڕزگاریخوازێک، سەرەڕای شوناسی ئەتنیکیی، نابێت و جێگای خۆی نییە بەرانبەری بێدەنگ بمێنێتەوە.

**ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی پێویست**
١. زۆر کەس وشەی "شۆڤێنیزم" لە بریتی "ڕەگەزپەرستیی/ ڕەیسیزم" بەکار دەبات کە دیارە هەڵەیە. شۆڤێنیزم بە مانای تاکپەرستیی دێت نەک نەتەوەپەرسی/ ڕەگەزپەرستیی. یەکێک لە سەربازەکانی سوپای ناپیلۆن بۆناپارت، نیکۆلاس شۆڤین Nicolas Chauvin، بوو کە گوایا ١٧ جار بریندار کراوە، بەڵام هەر خۆی بە وەفاداری سەرسەختی ناپلیۆن داناوە و لەو پەڕیدا قەیسەرپەرستیی نوواندوە. لە بەرئەوە لە ئەدەبی سیاسیی ئورووپیدا هەر کەسێک وەفادارییی کوێرانە و حەزی بێ ئەقڵانەی بۆ ڕابەرێک هەبێت پێی دەگوترێت "شۆڤێنیی"، واتە ئەو کەسەی وەکو نیکۆلاس شۆڤێنە. لە ئەدەبی فێمێنیستیی ئورووپیدا "پیاوشۆڤێنیست" بەکار دەبەن لەو مانایەدا کە خودی پیاو (= پاتریارک) وەک ئایکۆن ڕۆڵی قەیسەر/ خودا/ ئەوی گەورە، دەبینێت.
٢. لە ئێران وشەی "شارۆمەند/ شارۆمەندیی = هاوشاریی/ هاوشارییبوون" لە بریتی "هاووڵاتیبوون/سیتیزنشیپ Citizenship" بەکار دەبردرێت، کە دیارە دروستەکەی ئەمی دواییە، چونکە وشەی شارۆمەندیی لە ئەدەبی سیاسیی و سیستەمی سیاسیی کلاسیکی یۆنانەوە وەرگیراوە کە ئەو دەم مافی شارۆمەندی هەبوو. پاش شۆڕشی فەڕەنسا ئەو چەمکە گۆڕدرا بۆ مافێکی سەرانسەریی و گۆڕدرا بۆ "هاووڵاتیی/ هاووڵاتیبوون".
٣. لە تورکیادا ئێستایش پیتگەلی وەکو "ڤ"، "ق" و "خ" بە ڕەسمیی قەدەخەیە. کاتێک کوردەکان ئەو پرسەیان بردە دادگای مافی مرۆڤ لە ئورووپا، بە پێی بڕیارێکی دادگای ناوبراو لە ٢٠١٠/٢/٢، دادگا مافی بە تورکیا دا کە ئەو پیتانە نابێت بەکار ببرێن. لەگەڵ ئەوەدا کە نوێنەرانی کورد ڕوونیان کردەوە کە دۆزەکە سیاسییە و بەڵگەیش ئەوەیە کاتێک کەسانی غەیرەکورد لە وڵاتانی دیکە دێنە تورکیا و ئەو جۆرە پیتانە لە ناو و لە دۆسیەکانیاندا هەیە، ئاسایی بەکاردەبردرێن و ڕێگەیان پێ دەدەن لە هەموو پێوەندیەکی یاساییشدا بەکاری بهێنن. دادگای مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات ئەو کارەی تورکیا دژ بە ماددەی ٨ و ١٤ لە مافی مرۆڤ لە ئورووپا نییە.

٤. ئاماری زۆر لە شێوەی جیاواز لەسەر ئەو وڵاتانە هەن کە کوردستانیان داگیر کردووە. ئامار لەسەر کوردستان لە نێزیکەی ئاستی نەبووندایە. یەکێک لە هۆیەکانی شاردنەوەی هۆی سیاسییە کە ناخوازرێت کوردستان لە بەراووردی زانستیانەدا ڕووبەڕوو بکردرێتەوە.

٥. لە کۆنفرانسی کورد لە پارلەمانی ئورووپا لە مێژووی ٢٠١٠/٢/٤ لەیلا زانا کۆمەڵێک خاڵی کۆنکرێت بەیان دەکات سەبارەت بەوەی کە "ئاشتی یەک لا پێک نایەت".

٦. یەکێک لە کتێبە باشەکانی سڤێن لیندکڤیست لەسەر ژمارەیەک لەو ڕۆشنبیرانەی ئورووپایە کە دژ بە ڕەگەزپەرستیی خەباتیان کردووە. بڕوانە خاڵی ٨ لە سەرچاوەکان.

سەرچاوەکان:


1. Race and the Enlightenment, Edited by Emmanuel Chukwudi Eze. Blackwell Publishers Ltd, 1997.
2. Utrota varenda jävel. Sven Lindqvist. Albert Bonniers förlag, 1992.
3. Toward the Final Solution, A History of European racism, George L. Mosse. Howard Fertig, Inc, 1978, 1985
4. Avsikt att förinta, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, Scand Book AB, Falun 2008
5. Anti Rasister, Människor och argument I kampen mot rasismen 1750-1900, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, Scand Book AB, Falun 1995
6. Terra Nullius, En resa genom ingens land, Sven Lindqvist, Albert Bonniers förlag, 2005
7. Narrative of the Life of Fredrick Douglass, An American Slave. Boston, Published At the Anti-Slavery Office, No. 25 Cornhill, 1845.
8. Anti Rasister, Människor och argument I kampen mot rasismen 1750-1900, Sven Lindqvist,
9. http://www.kurdocide.com بۆ زانیاریی لەسەر بەشێک لە کۆمەڵکوژییەکان بڕوانە ماڵپەڕی
10. http://amar.behdasht.gov.ir/index.aspx?siteid=132&pageid=14193, http://www.iraninformation.ir/page.php?42, http://edc.recent.ir/default.aspx?author=1993, ئاماری زۆر لە شێوەی جیاوزدا هەن، بۆ نموونە ئەوانەی بەشی وەزارەتی دەرەوەی سوێد و ئەمەریکا لەسەر وڵاتان هەیانە.
11. Oönskade i folkhemmet, Rashygien och sterilisering i Sverige 1991. Gunnar Broberg och Mattias Tydén
12. The Race Gallery, The Return of Racial Science. Marek Kohn Vintage 1995
13. Rastänkandets rötter, 2 kompendium bl a av Gobineau, Gould, Haeckel, Hitler, Jones, Mosse, Poliakov, Valentin
14. Hitler, Adolf, Mein Kampf. D. 1 och 2, Den nationalsocialistiska rörelsen / [i översättning av N. P. Sigvard Lind] [Ny uppl.] 2002
15. New Testament and Genesis